# توانستە مرۆییەکانی پەرەپێدانی لادێیی لە ناوچەی باڵەکایەتی

## دۆڵی ڕۆست وەک نموونە

م.ی. ڕەنجدەر کامەران ڕەحمان          م. تەنکە عوسمان سەعید
بەشی جوگرافیا – کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
ranjdar.rahman@su.edu.krd          tnka.saeed@su.edu.krd

**پوختە**

پەرەپێدانی ناوچەی لادێیی بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بەئاڕاستەی بووژانەوەی چالاکیی ئابووری بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵ، بەشێوەیەك ناوچەی لادێیی سەبەتی خۆراکە بۆ شارەکان، کێشەکان و ناهاوسەنگی لە پرۆسەی پەرەپێدانی لادێیی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە ڕێگرە لە بەردەم دانان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدانی نیشتمانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی واقیعی توانستە مرۆییەکانی پەرەپێدانی لادێیە لە دۆڵی ڕۆستی بەمەبەستی کارکردن لەسەر پەرەپێدانی نشینگە گوندییەکان و چالاکییە ئابوورییەکان بەتایبەت چالاکیی کشتوکاڵی لە ناوچەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان تێیدا. توێژینەوەکە دەریخستووە کە توانستە مرۆییەکان بوونیان هەیە بۆ پەرەپێدانی لادێکان لە دۆڵی ڕۆستی، بەڵام بەدەست کۆمەڵە کێشەیەکەوە دەناڵێنن وەك نارێکی و نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوان و بچووکی قەبارەی گوندەکان لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە و کەمی بەکارهێنانی ڕووبەری شیاوی کشتوکاڵی لە دۆڵی ڕۆستی، بۆیە دەتوانرێت لە ماوەیەکی مامناوەند و درێژخایەندا پلانێکی گرنگ

و ستراتیجی دابنرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی پەرەپێدانی لادێکان لە ناوچەی توێژینەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانمان توێژینەوەکەمان بەسەر سێ تەوەردا دابەشکردووە، تەوەری یەکەم ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و روونکردنەوەی چەمکەکان و زاراوەکان، تەوەری دووەم تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان لە رووی قەبارە و شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان، تەوەری سێیەم تایبەتمەندییە ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییەکان، لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەک کۆتایی هاتووە.

وشە سەرەکییەکان: توانستە مرۆییەکان، دابەشبوونی نشینگە لادێیەکان، پەرەپێدانی لادێیی، دۆڵی ڕۆست، خزمەتگوزاری.

**پێشەکی:**

کەرتی لادێ بەبەردی بناغەی پێکهێنانی ئابووریی نەتەوەیی دادەنرێت، لە میانی ئەوەی کە ئەم کەرتە بنەماکانی ژیان لە خۆراک و بەروبوومی ئاژەڵی بۆ دانیشتووانی شارەکان فەڕاهەم دەکات، خواستە سەرەکییەکانیان پڕدەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوە لادێکان ئەو ناوچانەن کە کشتیار و جووتیار لە پاڵ کشتوکاڵ وەک پیشەی سەرەکی هەروەها خەریکی پیشەی بەخێوکردنی ئاژەڵ دەبن، لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی بەسەرچاوەی سەرەکی داهاتی ژیانیان پشتی پێ دەبەستن، لەم بارەیەوە ڕۆڵی توانستە مرۆییەکان ئاشکرا دەردەکەوێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی لادێکان، چونکە دانیشتوان لەم ناوچانە نیشتەجێن، لە پێناو بەدەستهێنانی بنەماکانی ژیانیان لە کارکردن کە بێگومان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵە لەبەر ئەوەی ڕۆڵی توانستە مرۆییەکان کاریگەری ئەرێنی و لەبەر چاوی هەیە لە پرۆسەی پەرەپێدانی لادێکاندا. هەڵبەت کە باس لە توانستە مرۆییەکانیش دەکرێت، دانیشتووان یەکەم توخمی سەرەکین کە دەستی باڵایان

هەیە لە بەرەوپێش چوونی پرۆسەی پەرەپێدان دوای ئەوەش چالاکییە ئابوورییەکان دێنە پێش کە ئەوانیش کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و تۆڕەکانی گواستنەوە و گەشت و گوزارە.

**یەکەم: گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە لادێکان بە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی بنەماکانی ژیان  لە خۆراک و پێویستییەکانی دی، دادەنرێن، لەبەر ئەوە، بایەخدان بە پرۆسەی پەرەپێدانیان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ خستنەسەرپێی ئابووریی ناوچەکە.

**گریمانی لێکۆڵینەوە:**

ئایا توانستە مرۆییەکان تاچەند لەبارن و بێ کەم و کورتین و ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆسەی پەرەپێدانی لادێیی لە دۆڵی ڕوست؟

**دووەم: گرفتی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی چەند پرسیارێکەوە دەخەینەڕوو کە بریتین:

١- ئایا تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی لادێیی؟

٢- ئایا شێوازی دابەشبوون و قەبارەی نشینگە لادێیەکان کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی لادێیی؟

٣- ئایا توانستە ئابوورییەکان کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی لادێیی.

**سێیەم: میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی و  شیکاری بەستراوە لە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و شیکردنەوەی داتاکان و هۆکارەکانی کاریگەر بەسەر پەرەپێدانی لادێیی لە ناوچەی دۆڵی ڕۆست .

**چوارەم: پلانی توێژینەوە:**

بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بەناساندنی ناوچەی توێژینەوە و چەمك و زاراوەکان، تەوەری دووەم باس لە تایبەتمەندییەکانی دانیشتووان و قەبارە و شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندیەکانی دۆڵی ڕۆستێ. تەوەرەی سێیەم تایبەتمەندییە ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییەکانی دۆڵی ڕۆست. لە کۆتایی توێژینەوەکەش ڕۆشنایی خراوەتە سەر دەرئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

**١- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و چەمک و زاراوەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە**


**١-١ شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە:**

دۆڵی ڕۆست لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر، لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە بازنەی پانی (=٣٠، ¯٣٧،°٣٦- =٣٠، ¯٤٦،°٣٦)

باکوری گۆی زەوی نێوان هێڵی درێژی (=٣٠، ¯٥٢،°٤٤- =٣٠، ¯٣٧،°٤٤)، رۆژهەڵات وەک لە نەخشەی (١)دا تێبینی دەکرێت.

لە ڕووی پێگەی جوگرافی ناحیەکە بە گوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەر، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی سەنتەری قەزای چۆمان لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی حاجی ئۆمەران، لە باکوری بریتییەلە (ناحیەی سیدەکان) لە باکوری ڕۆژئاوای ناحیەی دیانا، ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای سەنتەری قەزای رەواندز، باشووری ناحیەکانی گەڵاڵە و وەرتێ یە، هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی سمێلان گرینگییەکی ستراتیژی هەیە لەسەر ئاستی قەزای چۆمان

چونکە ناوەندی بەستنەوەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی نێوان قەزای چۆمان لەلایەک و قەزای سۆران لەلایەکی دی ئەم هەڵکەوتەیەش بۆتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ ئاسانی هاموشۆکردنی گوندنشینانی ناوچەکە و گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵی و سپاییەکانیان بۆ بازاڕەکانی ساغکردنەوەی لە سنووری قەزای سۆران و چۆمان. ئاماژە بە فەرمای وەزارەتی ناوەخۆ ژمارە (٣٦٢٢) لە (٣/ ٥ /٢٠٠٠) بڕیاردرا بە کردنەوەی ناحیەی دۆڵی ڕۆست کە مەرکەزەکەی لە گوندی سمێلان دەبێت، سەر بە قائمقامیەتی قەزای چۆمان دەبێت (غەفور، ٢٠٠٨، لا٢٩).




**نەخشەی (١) شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی دۆڵی ڕۆست**

سەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS10.8، بەپشتبەستن حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەشی GIS.

**٢-١ چەمکەکانی پەیوەست بە توێژینەوە**

أ-لادێ: مەبەست لێی رووبەرێکە لە زەوی پشتێنەی شار، وە هەروەها ئەو هەرێمانەن کە دانیشتووانەکەی جێگیر کردووە لەسەر پیشەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک بە ڕێگەی ئاسان و سادە، مەبەست زەوییە کشتوکاڵییەکانە کە تایبەتمەندن بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و لەوەڕاندن (قماش٢٠١٤، ٢١).

ب- پەرەپێدانی لادێیی: بریتییە لە سازدانی بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵێک پاڵپشت بە پشتگیری ڕامیاری بیری بە مەبەست نەهێشتنی هەژاری لە نێوان گوندەکان ئەمەش لەڕێگەی بەرزکردنەوەی بەردەوامی ئاستی بەرهەم و داهاتیان بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستی بە فراوانکردنی هەلی کارکردن و یەکسانی لە دابەشکردن و سوودەکانی پەرەپێدان هەیە (الامام،٢٠٠٧، ١٢).

لە ڕۆشنایی چەمکەکانی پێشوو، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەبەست لە لادێ هەموو ڕووبەرێکی دەرەوەی چوارچێوەی پشتێنەی شارەکان دەگرێتەوە کە تایبەتمەندە بە کۆمەڵێک سیما و نەریت جیاوازن لە سیما و تایبەتمەندییەکانی شار، سەبارەت بە پەرەپێدانی لادێیی بەرزکردنەوە و چاکترکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و باشترکردنی رەوشی ژیانی دانیشتووانی لادێ و بایەخدان بە باشترکردنی خزمەتگوزاری و تەندروستی و فێرکردن و خۆشگوزەرانی لە لادێیەکاندا.

**٢- تایبەتمەندییەکانی دانیشتووان و قەبارە و شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان لە ناوچەی توێژینەوە**

٢-١ دانیشتووان: دانیشتووان توخمێکی بنەڕەتی بۆ پێشخستنی واقیعی پەرەپێدانی گوندەکان پێکدەهێنێت، بەوپێیەی کە ئامراز و ئامانجی گەشەپێدانە. مرۆڤ پێویستی بە پێشخستنی ئەو واقیعەیە کە تێیدا دەژی و گەورەترین قازانج بەدەست بهێنێت، جا چ بۆ بەرژەوەندیی کەسی بێت یان

گشتی (الدليمي،٢٠١٩، ٧٠). لەکاتێکدا مرۆڤ خۆی گەشەپێدان دێنێتە کایەوە کە ئامانجی تێدا بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤ. یەکێک لە گرنگترین نیشاندەرەکانی دانیشتووان کە دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت قەبارە و گەشەی دانیشتووان و چۆنیەتی دابەشبوونیانە، لەگەڵ پێکهاتەی تەمەنیان، بەو پێیەی ئەم نیشاندەرانە بەشدارن لە دیاریکردنی پێداویستی و چالاکییەکانی کۆمەڵگا.

٢-١-١ قەبارەی دانیشتووان: بە سەیرکردن لە خشتەی (١) تێبینی ئەوە دەکەین دانیشتووانی ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆستێ زیادی کردووە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢١ز). بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠٠٩ز) ژمارەی دانیشتووانەکەی (٤٣٤٣) کەس بووە، لەساڵی (٢٠١٥ز) ژمارەکە زیادی کردووە و گەیشتۆتە (٥١٣٩) کەس. کە زیادبوونەکە گەیشتۆتە (٧٩٦) کەس، گۆڕانکاری لە ڕێژەی دانیشتووانی لەم ماوەیەدا گەیشتۆتە (١٨.٣٢%)، لەو ماوەیەشدا گەشەی دانیشتووان (٢.٨%) بووە. لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٥-٢٠٢١ز) ژمارەی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە زیادی کردووە بەشێوەیەك لە ساڵی (٢٠٢١)ز گەیشتۆتە (٥٨١٢) کەس، جیاوازییەکە لە ژمارەی دانیشتووان لەگەڵ ساڵی (٢٠١٥ز) بریتییە لە (٦٧٣) کەس، کە ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەسەر ڕێژەی گۆڕانکاری لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٥-٢٠٢١ز)، کە ڕێژەی گۆڕانکاریەکە گەیشتۆتە (١٣.٠٧)، ڕێژەی گەشەی دانیشتووان لەو ماوەیەدا گەیشتۆتە (٢.٠٧). ئەگەر سەیر بکەین تێبینی ئەوە دەکەین زیادبوونی قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢١ز). بەشێوەیەکی سروشتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە واتە پەیوەندی بە (لەدایکبوون و مردن) هەبووە. چونکە گۆڕانکارییەکان ناسروشتی نەبووە واتا

هیچ بارودۆخێکی ناسروشتی تێدا ڕووی نەداوە لەم ماوەیەدا وەکو شەڕ و کۆچکردن و یان دانیشتووان کۆچی بۆ بکەن.

خشتەی (١) ژمارەی دانیشتووان و گۆڕانکاری ژمارەی و گۆڕانکاری ڕێژەی و تێکڕای گەشەی دانیشتووانی ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست لە ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢١ز)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان/کەس | گۆڕانکاری | گۆڕانکاری % | تێکڕای گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٤٣٤٣ | ---------- | -------- | -------- |
| ٢٠١٥ | ٥١٣٩ | ٧٩٦ | ١٨.٣٢ | ٢.٨ |
| ٢٠٢١ | ٥٨١٢ | ٦٧٣ | ١٣.٠٩ | ٢.٠٧ |

سەرچاوە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی دانیشتوان و دەستی کار، ساڵی ٢٠٢٢. زانیاریی بڵاونەکراوە.

٢- سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار،٢٠٢١، زانیاریی بلاونەکراوە..

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووان پشتمان بەم هاوکێشەیە بەستووە (الحدیثي،٢٩١،٢٠٠٠):

$$r=[\sqrt[T]{\frac{p_1}{p_0}}-1]x100$$ (*)

T= ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێر.

P1 = ژمارەی دانیشتووان لە دواین سەرژمێر.

P0 = ژمارەی دانیشتووان لە سەرژمێری یەکەم.

٢-١-٢ پێکهاتەی دانیشتووان: توێژینەوە لە پێکهاتەی دانیشتووان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ڕادەی کاریگەریی پرۆسە دیمۆگرافییە گرنگەکان و کۆچکردن لەسەر گرووپە تەمەنییەکان و ڕێژەی ڕەگەزی لەناو

کۆمەڵگاکاندا نیشان دەدات، هەروەها ڕادەی توانایان بۆ دابینکردنی هێزی مرۆیی پێویست بۆ پەرەپێدان و پشتیوانیکردن گرنگییەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی پەرەپێدان چونکە جیاوازییە چۆنایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە بۆ زانیارییە چەندایەتییەکان کە لەلایەن ئاماری دانیشتووانەوە دابین دەکرێن کە دەتوانرێت لە پلاندانانی پڕۆژەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا بەکاربهێنرێن (الجیاشي، ٥٦،٢٠١٦) .

أ- پێکهاتەی ڕەگەز: مەبەست لە پێکهاتەی ڕەگەز بۆ دانیشتووان ڕێژەی نێر و مێیە لە کۆمەڵگا و نیشاندانی ڕێژەی نێر بۆ هەر سەد مێیەك یان بەپێچەوانەوە، بەگوێرەی ئەو ڕاستییە دیمۆگرافییە جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان نێر و مێ هەیە لەنێوان کۆمەڵگا مرۆییەکان (سهاونة، سمحیة،٥٦,٢٠٠٧). ئەگەرسەیر بکەین دەبینین جیاوازی پێکهاتەی جۆری یان ڕەگەز لە ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی (٢) ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت لە ساڵی (٢٠٢١ز)، ژمارەی نێرینە (٢٧٨٧) کەسە، لەبەرامبەردا ژمارەی مێینە (٣٠٢٥) کەسە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژمارەی مێینە زیاترە، ئەوەی تایبەتیش بێت بە ڕێژەی نێر بەرامبەر مێینە، ڕێژەی هەر (٩٢.١%) نێرێك بەرامبەر (١٠٠) مێیە. ئەگەر سەیری جیاوازی پێکهاتەی جۆری دانیشتووان بکەین لە ناوچەی توێژینەوە ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت ئاماژەیەکی باش نییە بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی لادێیی چونکە ڕێژەی مێینە زیاترە لە نێر کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەستی کار بەتایبەتی ناوچەی لادێیی کە زیاتر بەکشتوکاڵ خەریکن، چونکە کارکردن بۆ ئافرەت قورسترە بەراورد بۆ پیاو لەلایەکی تر ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی شاخاوی سەختە زیاتر پێویستی بەدەستی کاری زیاترە چونکە ئالەت و مەکینە بە زەحمەت دەگەنە زۆر شوێن.

خشتەی (٢) پێکهاتەی جۆری دانیشتووانی لادێی دۆڵی ڕۆست لەساڵی (٢٠٢١ز)

| ساڵ | نێر | مێ | ڕێژەی ڕەگەز |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢١ | ٢٧٨٧ | ٣٠٢٥ | ٩٢.١ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار، ٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە.

ب- پێکهاتەی تەمەن: زانینی پێکهاتەی تەمەنی کۆمەڵگا مرۆییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی هێزی کار و قەبارەی گرووپەکانی دانیشتوان وە ڕادەی پێویستییان بە خزمەتگوزارییەکان، و ئەمەش لە پلاندانانی گەشەپێدان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا گرنگییەکی هەیە و هەموو خزمەتگوزارییەکان، چونکە دابەشکردنی دانیشتووان بەسەر گرووپە تەمەنییەکاندا دەبێتە هۆی زانینی گرووپە بەرهەمدار و نابەرهەمدارەکان (حمادي، عودة،٢٠١١,١٩٣). ئەوە تایبەت بێت بە پێکهاتەی تەمەن لە ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی (٣) تێبینی ئەوە دەکەین دەستەی یەکەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە تەمەنیان کەمترە لە (١٥) زیاترە لە (٢٦%) دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە. ئەوەی تایبەت بێت بە دەستەی دووەم کە گرنگترین دەستەی تەمەنن کە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٤) ساڵە کە بەدەستەی بەرهەمهێن و هێزی کار دادەنرێن ئەم دەستەیە زیاتر لە(٦٨%) کۆی دانیشتووانی لادێی دۆڵی ڕۆستێی پێکهێناوە کە دەتوانین بڵێین ئەمە ئاماژەیەکی باشە بۆ گەشەپێدانی لادێیەکان بەتایبەت لە کەرتی کشتوکاڵ. ئەوەی تایبەت بێت بە دەستەی سێیەم بریتییە لەو کەسانەی تەمەنیان زیاترە لە (٦٥) ساڵ، ئەم دەستەیە (٥.٦%) کۆی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە ئەمە تاڕادەیەك ڕێژەیەکی کەمی پێکهێناوە لە کۆی دانیشتووانی ناوچەکە کە ئەم دەستەیە ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە توانای کارکردنیان نییە یاخود کەمە. ئەگەر سەیربکەین

دەستەی دووەم ڕێژەیەکی بەرزی لەکۆی دانیشتووانی ناوچەکەی پێکهێناوە ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ گەشەپێدان چونکە ئەم دەستەیە شادەماری دەستی کارە بە فاکتەرێکی ئەرێنی دادەنرێت ئەگەر بێتوو بەشێوەیەکی زانستی سوودیان لێ ببینرێت.

خشتەی (٣) دابەشبوونی دانیشتووانی لادێی دۆڵی ڕۆست بەگوێرەی دەستەکانی تەمەن لە ساڵی (٢٠٢١ز)

| ئاستی تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١٥ | ١٥٢٧ | ٢٦.٣ |
| ١٥ – ٦٤ | ٣٩٦٠ | ٦٨.١ |
| ٦٥ زیاتر | ٣٢٥ | ٥.٦ |
| کۆ | ٥٨١٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار، ٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە.

٢-١-٣ پێکهاتەی ئابووری: پێکهاتەی ئابووری واتە دابەشکردنی دانیشتووان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، واتە هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە توانای کارکردنیان هەیە و هێزی جەستەیی یان دەروونییان لە کار و بەرهەمهێناندا هەیە، جگە لەوانەی کە بە تەواوی توانای کارکردنیان نییە (القرغولي،٢٠٢٠،٦٠). لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو دەستەیەی لە دانیشتووان کە توانای کارکردنیان هەیە ئەوانیش ئەو کەسانە دەگرێتەوە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٤) ساڵە. بەتێبینی کردن لە خشتەی (٤)و شێوەی (١)، ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان هەیە لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان (٣٦٩٠) کەسە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز بەسەر چالاکییە ئابوورییەکان دابەش بوونە بەجۆرێك ئەگەر سەیر بکەین ناوچەی توێژینەوەمان ناوچەی لادێیە واتا چالاکی کشتوکاڵی بە پلەی یەکەم دێت لە ناوچەی لادێیی بەڵام دەبینین ئەو کەسانەی

لەم چالاکییە کاردەکەن ڕێژەکەیان (١٣.١%) سەرجەمی دەستی کارە لە ناوچەکە، کەواتە ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە چونکە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر چالاکیی کشتوکاڵی وادەکات تووشی کەمبوونەوەی بەرهەم بێت و لەکۆتاییی ئەم کەمی بەرهەمە کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتی جووتیارەکان. سەبارەت بە فەرمانبەر لە ناوچەی توێژینەوە دەبینین ڕێژەکەی دەگاتە (٩.٧%) سەرجەمی ئەو کەسانەی کە توانای کارکردنیان هەیە کە زیاترینیان لە کەرتی پەروەردە و خزمەتگوزاری کاردەکەن.

خشتەی (٤) جۆری چالاکی ئابووری دانیشتووانی دۆڵی ڕۆست


| ژمارە | جۆری چالاکی دانیشووان | ژمارەی تاکەکان | ڕێژەی سەدی (%) |
|---|---|---|---|
| ١. | جووتیار | ٥١٨ | ١٣.١ |
| ٢. | فەرمانبەر | ٣٨٣ | ٩.٧ |
| ٣. | سەرباز | ٤٤٧ | ١١.٣ |
| ٤. | کاسب | ٤٨٤ | ١٢.٢ |
| ٥. | بێ کار | ٢١٢٨ | ٥٣.٧ |
| سەرجەم | | ٣٩٦٠ | %١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار،٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە.

ئەوەی تایبەت بێت بە کەرتی سەربازی تێبینی دەکرێت ڕێژەکەی دەگاتە (١١.٣%) سەرجەمی ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان هەیە زۆرترین کەس لەم کەرتە پێشمەرگەن ژمارەیەکی کەمیان پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆن. سەبارەت بەو کەسانەی کە لە کاری ئازاد کاردەکەن واتا کاسبن ڕێژەکەیان (١٢.٢%) سەرجەمی دەستی کارە لە ناوچەکە دەتوانین بڵێین هاوتایە لەگەڵ ڕێژەی ئەو کەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵ کاردەکەن. ئەوەی تایبەت بێت بە ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان هەیە و کارناکەن واتە بێ کارن ڕێژەکەیان زۆر بەرزە

بەبەروارد لەگەڵ چالاکییەکانی تر بەجۆرێك زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان هەیە بێکارن کە ڕێژەکەی (٥٣.٧%) سەرجەمی دەستی کار پێکدەهێنن ئەمەش زیاتر ئافرەتن چونکە لە ڕۆژگاری ئێستادا کەمتر ئافرەت بەشداری دەکات لەکارەکان بەتایبەت کشتوکاڵکردن و قوتابی و ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن دەگرێتەوە چونکە ئەو کەسانە توانایی کارکردنیان نییە بەهۆی بارودۆخەکەیانەوە، قوتابی دەخوێنێ تا خوێندن تەواو دەکەن کارێکی بەردەوامیان نییە و خاوەن پێداویستی تایبەت توانای کارکردنی نییە. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیر بکەین دەبینین هۆکاری کەمیی ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لەچالاکی کشتوکاڵی کاردەکەن کە بەچالاکی و پیشەی سەرەکی دانیشتووانی لادێ دەگرێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئامێر لەجێگای مرۆڤەکان لەلایەکی تر کەمبوونەوەی بەهای بەرهەمی کشتوکاڵی کەوا دەکات جووتیار ساردبێتەوە لەم کارە، هەروەها لەم ساڵانی پێشووتر بەتایبەت پێش قەیرانی دارایی و هەبوونی دامەزراندن خەڵکەکە زیاتر هەوڵی دامەزراندنی داوە.

شێوەی (١) ڕێژەی پێکهاتەی ئابووریی دانیشتووانی ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە خشتەی (٤)

٢-١-٤ پێکهاتەی خوێندن: بەیەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی پێکهاتەی دانیشتووان دادەنرێت و کاریگەری زۆری هەیە لە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵاتییەکان، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پێشکەوتن و گەشەپێدان. لەلایەکی تر بە بناغەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردنی تواناکان بۆ بەشداری کردن لە هێزی کار لە چالاکییەکانی ئابووری بەشێوەیەکی زیاتر و باشتر. ئەمە جگە لەوەی کە پێکهاتەی خوێندن نیشاندەر و پێوەرێکە بۆ زانینی ڕادەی پێشکەوتنی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و گەشەسەندنی کۆمەڵگا چونکە پرۆسەی گەشەپێدان پێویستی بە دەستی کاری خاوەن بڕوانامە هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەکان، گرنگییەکەی لە زانینی پێشبینییەکان سەبارەت بە ڕەوتەکانی داهاتووی گەشەکردن و بنبڕکردنی نەخوێندەواری. بەتێڕامانمان لە خشتەی (٥) و شێوەی (٢) تێبینی ئەوە دەکەین ژمارەیەکی کەمی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە خاوەن بڕوانامەی بەرزن دبلۆم و بەکالۆریۆس (زانکۆ و پەیمانگا) کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٢.٧%) سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەکە. لە بەرامبەردا ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن ژمارەیان زۆرە بەبەراورد لەگەڵ ئاستەکانی تری خوێندن بەجۆرێك ڕێژەکەیان دەگاتە (٣١.٤%) لە سەرجەمی دانیشتووانەکەی ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ زیاترە چونکە پێشووتر ناوچەکە گشت لادێیەکانی قوتابخانەی تێدا نەبووە لەلایەکی ترەوە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووری دوای ساڵانی (١٩٩٠ز) خەڵك زیاتر بە کارکردن خەریك بوونە. سەبارەت بەڕێژەی ئەو کەسانەی دەرچووی ئامادەیین نزیکەی (٦.٥%) سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەکەی پێکهێناوە.


خشتەی (٥) ژمارە و ڕێژەی سەدی بارودۆخی ئاستی خوێندن لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|
| زانکۆ و پەیمانگا | ١٥٩ | ٢.٧ |
| ئامادەیی | ٣٧٦ | ٦.٥ |
| بنەڕەتی | ١٩٦٨ | ٣٣.٩ |
| خوێندن و نووسین | ١٤٨٢ | ٢٥.٥ |
| نەخوێندەوار | ١٨٢٧ | ٣١.٤ |
| کۆی گشتی | ٥٨١٢ | %١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار،٢٠٢١، زانیاری بڵاونەکراوە.

ئەوەی تایبەت بێت بەو کەسانەی کە بڕوانامەی بنەڕەتییان هەیە ڕێژەکەیان تاڕادەیەك دڵخۆشکەرە کە نزیکەی (%٣٣.٩) سەرجەمی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنی بەرزیی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوای ساڵانی (٢٠٠٣)ز. لە زۆربەی لادێیەکانی ناوچەکە قوتابخانەی بنەڕەتی کرایەوە. سەبارەت بەو کەسانەی کە تەنها دەتوانن بنووسن و بخوێننەوە ڕێژەکەیان (%٢٥.٥) سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەکە لەخۆوە دەگرێت. ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئاستی خوێندن لە ناوچەکە تاڕادەیەك باش نییە ئەگەر سەیر بکەین ژمارەیەکی کەمیان خاوەن بڕوانامەی بەرزن واتا (زانکۆ و پەیمانگا) ئەمەش ئاماژەیەکی باش نییە چونکە پرۆسەی پەرەپێدان پێویستی بە کەسانی خاوەن بڕوانامە و ئەکادیمی هەیە بۆ پێشخستنی پرۆسەی گەشەپێدانی لادێیی.

شێوەی (٢) ڕێژەی پێکهاتەی ئاستەکانی خوێندن لە سەرجەمی کۆی دانیشتووان لە ناوچەی لادێیی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١ ز)




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٥)

٢-٢ چڕی دانیشتووان: توێژینەوە لە چڕی دانیشتووان ڕۆڵێکی جیاواز دەگێڕێت بە ڕەنگدانەوەی لەسەر پلانەکانی واقیعی گەشەپێدانی ناوچە گوندنشینەکان، چونکە ڕێژەی چڕی دانیشتووانی گشتی ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی دەبێت لە نێوان دانیشتووان و ئەو خاکەی کە لەسەری دەژین، و چالاکییەکانیان تێیدا ئەنجام دەدان، گرنگی هەیە وەکو بنەمای توێژینەوە لە چڕی دانیشتووان لەلایەن پلاندانەران و جوگرافیناسانەوە. توێژەران هەندێک شێوازی ئاماری بەکاردەهێنن کە بە پێوەرەکانی چڕی و دابەشبوونی دانیشتووان ناسراون بۆ ئەوەی بزانن پەیوەندیی نێوان دانیشتووان و ڕووبەری ئەو زەوییەی کە لەسەری دەژین، هەریەکەیان تایبەتمەندییەکیان هەیە کە لەوانی تر جیای دەکاتەوە (الدليمي، ٢٠١٩، ٨٥-٨٦). بۆ دەستنیشانکردنی چڕی دانیشتووان لەسەر ئاستی کەرتەکان دیاریمان کردووە چونکە لە هەندێك کەرتدا زیاتر لە یەك نشینگەی گوندی بوونی هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

٢-٢-١ چڕی گشتی: لە خشتەی (٦)و نەخشەی (٢) بۆمان ڕوون دەبێتەوە تێکڕای چڕی گشتی دانیشتووان لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست دەگاتە (٠،٠٩)کەس/دۆنم. ئەگەر سەیربکەین دەبینین جیاوازی هەیە لە چڕی گشتی دانیشتووان لەنێوان کەرتەکان لە ناوچەی توێژینەوە بۆیە هەڵساوین بە پۆلینکردنیان بۆ سەر سێ دەستە بەم شێوەی خوارەوە. چڕی گشتی بەم هاوکێشەی خوارەوە هەژمار دەکرێت (الحديثي ٢٠٠٠،٦٤٢-٦٤٣):

**چڕی گشتی= کۆی ژمارەی دانیشتووان/ ڕووبەری گشتی (دۆنم)**

- **دەستەی یەکەم:** (کەمتر لە ٠.١ کەس/دۆنم). ئەم دەستەیە (٨) کەرت دەگرێتەخۆ کە ئەوانیش کەرتەکانی (٥٩-٧٠-٧١- ٧٣- ٧٧- ٧٩ -٨٢- – ٨٤) کە گوندەکانی (ماوان- بێولە- چۆمبارۆك – چۆمانی سمایل ئاغا – دۆڵبالیس – گەزنە – هەوێزە بۆر - گرتگ – هۆرە – سەری مارساوا- شلان – پیرۆمەر- سرێشمە) کە (٤٧.١%) سەرجەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ.

- **دەستەی دووەم:** (١-١٥ کەس/دۆنم) ئەم دەستەیە (٤) کەرت دەگرێتەخۆ کە ئەوانیش کەرتەکانی (٥٨- ٦٠- ٧٤- ٨١) کە گوندەکانی (گویزلینگە- دێگە- مام خەتیبیان- بێشە – ڕۆست – ئاشی بێکۆر – گولان) کە (٢٣.٥%) سەرجەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ.

- **دەستەی سێیەم:** (زیاترلە ١٦ کەس/دۆنم) ئەم دەستەیە (٥) کەرت دەگرێتەخۆ کە ئەوانیش کەرتەکانی (٥٧- ٦٩- ٧٥- ٨٠) کە گوندەکانی (شێرکاوە- هەبلەسان- گزرە- چاوکە- کاولان – دزوك – نزاری – دۆلانە) کە (٢٩.٤%) سەرجەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ.

خشتەی (٦) چڕی گشتی و چڕی لادێیی لە دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١ز)

| ژ. کەرت | ناوی لادێ | ژ. دانیشتوان | ڕووبەری گشتی کەرت/دۆنم | ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی کەرت/دۆنم | چڕی گشتی کەس/دۆنم | چڕی لادێ کەس/دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 57 | شێرکاوه | ٣٥١ | ١٨٨٢ | ٨٩٨ | ٠.١٨ | ٠.٣٩ |
| 58 | گویزلینگه | ٢٣٧ | ٢٣٤٨ | ٦٢٩ | ٠.١٣ | ٠.٤٩ |
| | دێگه | ٧٤ | | | | |
| 59 | ماوان | ١٨٩ | ٢٠٧٦ | ١٦٠٢ | ٠.٠٩ | ٠.١١ |
| | بێوله | ٠ | | | | |
| 60 | مام خەتیبیان | ٢٠١ | ١٦٣٠ | ٧٨٤ | ٠.١٢ | ٠.٢٥ |
| 69 | هەبلەسان | ٥٦ | ٣٢٢ | ٢٥٣ | ٠.١٧ | ٠.٢٢ |
| 70 | چۆمباڕۆك | ٣٦١ | ٤٣٦٤ | ٩٦٠ | ٠.٠٨ | ٠.٣٧ |
| 71 | چۆمانی سمایل ئاغا | ٢٢٨ | ٣٦٠٣ | ٤٦٥ | ٠.٠٦ | ٠.٤٩ |
| 73 | دۆلبالیس | ١٩٣ | ٢٥١٧ | ٥٨٦ | ٠.٠٧ | ٠.٣٢ |
| 74 | بێشه | ٥٢١ | ٤١٠١ | ١٢٣٤ | ٠.١٢ | ٠.٤٢ |
| 75 | گزره | ٤٣ | ١١١٦ | ٥٧١ | ٠.٢٥ | ٠.٥٠ |
| | چاوگه | ٢٤٤ | | | | |
| 77 | گەزنه | ٤٦٩ | ٥٩٣٥ | ٩٦٨ | ٠.٠٧ | ٠.٤٨ |
| | هەوێزه بۆر | ٠ | | | | |
| 78 | کاولان | ٣٤٨ | ٣٦٥٢ | ١١٠٥ | ٠.١٦ | ٠.٥٥ |
| | دزوك | ٢٣٣ | | | | |
| | نزاری | ٣٣ | | | | |
| 79 | گرتك | ٤١٩ | ١٢٨٤٨ | ٣٧٨٩ | ٠.٠٣ | ٠.١١ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هۆرە | ٠ | | | | |
| | سەری مارساوا | ٠ | | | | |
| | شلان | ٠ | | | | |
| 80 | دۆلانە | ٢٢٧ | ٩٥٧ | ٤٣٢ | ٠.٢٣ | ٠.٥٢ |
| 81 | ڕۆست | ٨٥٨ | ٨٢٧٧ | ٣٤٠٦ | ٠.١٠ | ٠.٢٦ |
| | ئاشی بێکۆر | ٤٤ | | | | |
| | گولان | ٠ | | | | |
| 82 | پیرۆمەر | ١٩٩ | ٢٣٤٠ | ١٧٠٧ | ٠.٠٨ | ٠.١١ |
| 84 | سرێشمە | ٢٨٤ | ٥٥٦١ | ١٨٩٦ | ٠.٠٥ | ٠.١٤ |
| کۆ | | ٥٨١٢ | ٦٣٥٢٩ | ٢١٢٨٥ | ٠.٠٩ | ٠.٢٧ |


سەرچاوە : کاری توێژەران پشتبەستن بە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار،٢٠٢٢، زانیاری بڵاونەکراوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان،هۆبەی زەوی و زار،٢٠٢٢، زانیاری بڵاونەکراوە.

بەپشتبەستن بەپۆلینکردنی چڕی گشتی لە ناوچەی توێژینەوە کە دابەشمان کردووە بۆ سەر سێ دەستە ئەوەی تێبینیمان کردووە ناوچەیەکمان چڕی گشتییەکەی زۆر کەمە کە دەستەی یەکەمە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە ڕووبەرەکانیان زۆرە و ژمارەی دانیشتووانی کەمە ئەم کەمی ژمارەی دانیشتووانی دەگەڕێتەوە ژمارەیەك نشینگەی گوند هەیە لەم پۆلە دانیشتووانی تێدا نەماوە وەکو (بێولە- شلان- هۆرە- سەری مارساوا) ئەم نشینگە گوندییانە وەکو هەوارگە وایە تەنها لە وەرزی هاوین خەڵکی تێدایە ئەمەش

بەهۆی سەختیی بارودۆخی ئاووهەواکەی بەتایبەت لە وەرزی زستان هەروەها بۆ کەمیی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەت (تەندروستی و خزمەتگوزاری ژێرخانی) ئەمەش وادەکات ببێتە هۆکارێك بۆ دوورخستنەوەی دانیشتووان لە ناوچەکە. دوو دەستەی ترمان هەیە کە دەستەکانی دووەم و سێیەمن تاڕادەیەك چڕی گشتییان زیاترە ئەمەش هۆکاری سەرەکی دەگرێتەوە بۆ بچووکی ڕووبەرەکەیان بەبەراورد لەگەڵ دەستەی یەکەم، لەلایەکی ترەوە تاڕادەیەکی باش خزمەتگوزارییەکانی تێدا فەراهەم کراوە کە ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی چڕیەکەی.

نەخشەی (٢) چڕی گشتی ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە : خشتەی (٦) .

٢-٢-٢ چڕی لادێیی: لە خشتەی (٧) و نەخشەی (٣) بۆمان ڕوون دەبێتەوە تێکڕای چڕی لادێی دانیشتووان لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست دەگاتە (٠.٢٧) کەس/دۆنم. ئەگەر سەیربکەین دەبینین جیاوازی هەیە لە چڕی لادێی دانیشتووان لەنێوان کەرتەکان لە ناوچەی توێژینەوە بۆیە هەڵساوین بە پۆلینکردنیان بۆ سەر سێ دەستە بەم دەستە بەم شێوەی خوارەوە. چڕی گشتی بەم هاوکێشەی خوارەوە هەژمار دەکرێت (الحدیثي، ٢٠٠٠، ٦٤٣):

**چڕی لادێیی= ژمارەی دانیشتووانی لادێیی/ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی (دۆنم)**


**دەستەی یەکەم:** (کەمترە لە ٢٦کەس/دۆنم) ئەم دەستەیە (٧) کەرت دەگرێتەخۆ کە ئەوانیش کەرتەکانی (٥٩- ٦٠-٦٩-٧٩--٧٨-٨٢- ٨٤) کە گوندەکانی (ماوان- بێولە- مام خەتیبیان- هەبلەسان- کاولان- دزوك -نزاری- گرتك- هۆرە- سەری مارساوا- گولان- پیرۆمەر- سرێشمە) کە (٤١.٢%) سەرجەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ.

**دەستەی دووەم:** (٢٦-٤٠ کەس/دۆنم) ئەم دەستەیە (٤) کەرت دەگرێتەخۆ کە ئەوانیش کەرتەکانی (٥٧- ٧٠ – ٧٣ - ٨١) کە گوندەکانی (شێرکاوە-چۆمبارۆك-دۆلبالیس-ڕۆست- ئاشی بێکۆر-گولان) کە (٢٣.٥%) سەرجەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ.

**دەستەی سێیەم:** (٤١-٥٥ کەس/دۆنم) ئەم دەستەیە (٦) کەرت دەگرێتەخۆ کە ئەوانیش کەرتەکانی (٥٨- ٧١- ٧٤- ٧٥- ٧٧ - ٨٠) کە گوندەکانی (گویزلینگە- دێگە- چۆمانی سمایل ئاغا- بێشە- گزرە- چاوگە- دۆلانە) کە (٣٥.٣%) سەرجەمی کەرتەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ. سەبارەت بە چڕی لادێیی پشت دەبەستێت بە ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەری شیاوی کشتوکاڵی، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئەو کەرتانەی چڕییان نزمە هۆکارەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی و کەمیی ژمارەی دانیشتووانی نشینگە گوندیەکان و چۆلی ژمارەیەك لە نشینگەکان بەهۆی سەختی ئاووهەوا بەتایبەت لە وەرزی زستان کە نشینگە گوندیە چۆلەکان بریتین لە (بێولە- هۆرە- سەری مارساوا- شلان- گولان). ئەوەی تایبەت بێت بە پۆلەکانی دووەم و سێیەم چڕییان بەرزترە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ژمارەی دانیشتووان و کەمیی ڕووبەری شیاوی کشتوکاڵی بەبەراورد لەگەڵ پۆلی یەکەم.

نەخشەی (٣) چڕی لادێیی لە دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١ز)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە: خشتەی (٧) .

**٢-٣ قەبارە و شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان:**

٢-٣-١دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان بەگوێرەی ڕیزبەندیی قەبارەیان:

مەبەست لە ڕیزبەندی قەبارەی نشینگە گوندیەکان ڕیزبەندکردنیان بەگوێرەی چەند دەستەیەکی قەبارە جیاواز، کاریگەری دەبێت و دەبێتە پێوەرێك بۆ ڕاکێشانی خزمەتگوزاریەکان، دەبێتە هۆی دیاریکردنی سەنگ و بەهای هەندێك لە نشینگە گوندیەکان بۆ کردنیان وەکو سەنتەرێکی خزمەتگوزاری بۆ نشینگە گوندیەکانی دەوروبەری خۆی. سەبارەت بە نشینگە گوندیەکانی دۆڵی ڕۆستێ دابەشمان کردوون بۆ سەر سێ دەستە بەم شێوەی خوارەوە کە لە خشتەی (٨)و نەخشەی (٤) ڕوونمان کردۆتەوە.

**دەستەی یەکەم: کەمتر لە ٢٠٠ کەس:** ئەو نشینگە گوندیانەی کەوتوونەتە ئەم دەستەیە ڕێژەکەیان دەگاتە (٥٠%) سەرجەمی نشینگە گوندیەکانی ناوچەی توێژینەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە ڕووی ژمارەی گوندەکان، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە دانیشتووانەکەی بارودۆخەکە پێچەوانەیە چونکە ڕێژەی دانیشتووانەکەی زۆر کەمە بەبەراورد بە ژمارەی گوندەکانی بەجۆرێك دانیشتووانەکەی (١٤.٣%) سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (٦) نشینگەی گوندی دانیشتووانی تێدانییە تەنها لە وەرزی هاوین وەکو هەوارگەیەك بەکاری دەهێنن ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی ناوچەکە لەڕووی بەرزی و نزمی و ئاووهەواوە.

خشتەی (٨) دابەشبوونی قەبارەی نشینگە گوندیەکانی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١ز)

| دەستەی قەبارە | ژمارەی نشینگەگوندیەکان | گوند % | ژمارەی دانیشتووان | دانیشتووان % |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٢٠٠ | ١٤ | ٥٠ | ٨٣١ | ١٤.٣ |
| ٢٠٠- ٣٥٠ | ٨ | ٢٨.٦ | ٢٠٠٢ | ٣٤.٤ |
| ٣٥١ و زیاتر | ٦ | ٢١.٤ | ٢٩٧٩ | ٥١.٣ |
| کۆ | ٢٨ | ١٠٠ | ٥٨١٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشتبەستن:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ، پارێزگای هەولێر، قەزای چۆمان، ناحیەی سمیلان، هۆبەی ئامار، ٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان، هۆبەی زەوی و زار،٢٠٢٢، زانیاریی بڵاونەکراوە.


**دەستەی دووەم :٢٠٠- ٣٥٠ کەس:** ئەو نشینگە گوندیانەی کەوتوونەتە ئەم دەستەیە ڕێژەکەیان (٢٨.٦%) سەرجەمی نشینگە گوندیەکانی ناوچەی توێژینەوە پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە ڕووی ژمارەی گوندەکان، ئەوەی تایبەت بێت بە دانیشتووانەکەی (٣٤.٤%) سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەکە دەگرێتەخۆ، ئەو نشینگە گوندیانە تاڕادەیەك لەڕووی قەبارەی دانیشتووانە مام ناوەندن بەبەراورد بە نشینگە گوندیەکانی ناوچەکە.

**دەستەی سێیەم: ٣٥١و زیاتر:** ئەو دەستەیە کەمترین ڕێژەی نشینگە گوندیەکانی ناوچەی توێژینەوەی کە (٢٤.٤%) سەرجەمی نشینگە گوندیەکانە بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە دانیشتووانەکەی بەبەراورد لەگەڵ هەردوو دەستەکەی تر زیاترە بەجۆرێك (٥١.٣%) سەرجەمی دانیشتووانی ناوچەکەی

گرتۆتەخۆ دەتوانین بڵێین زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی خزمەتگوزاییەکان بەتایبەتی (قوتابخانە-بنکەی تەندروستی).

پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار شێوازێك لە هاوسەنگی دابنرێت لە نێوان نشینگە گوندیەکان تاوەکو هەندێك گوند چۆل نەکرێت و هەندێکیش ژمارەی دانیشتوانەکەی زۆربێت، ئەمەش لەڕێگای فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ گوندە قەبارە مام ناوەندەکان و بچووکەکان، چونکە ئەگەر گرنگییان پێ نەدرێت پێشبینی دەکرێت لە داهاتوو گوندە قەبارە بچووکەکان چۆل بکرێن ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر گەشەپێدان لە ناوچەکە بەتایبەت لە چالاکی کشتوکاڵی کە چالاکیی سەرەکی لادێیەکانە.

نەخشەی (٤) دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان بەگوێرەی قەبارەیان لە دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١ز)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە: خشتەی (٨)

### ٢-٣-٢ شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان:

بەکارهێنانی تەکنیکی هاوکۆلکەی نزیکترین هاوسێ Nearest Neighbor ( Analysis) گرنگترین تەکنیکەکانی شێوازی شیکردنەوەی شوێنییە، یەکێکە لەڕێبەرە بەکارهاتووەکان لەپێشتر جوگرافییەکان لە توێژینەوەی دیاردە خاڵییەکانی سەر ڕووی زەوی وەسفکردن و شیکردنەوەیان بەپشتبەستن بە دابەشبوونیان بەکاریان هێناوە. لە شیکردنەوەی دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان کە لە خشتەی (٩) هاتووە.

خشتەی (٩) بەهای نزیکترین هاوسێ و شێوازی دابەشبوونیان

| بەهای نزیکترین هاوسێ | شێوازی دابەشبوونیان |
|---|---|
| ٠.٠٠ – ٠.٠٩ | کۆکراوە |
| ٠.١ – ٠.٤٩ | لەیەك نزیکی کۆکراوە |
| ٠.٥٠ – ٠.٩٩ | لەیەك نزیکی هەڕەمەکی |
| ١.٠٠ – ١.١٩ | هەڕەمەکی |
| ١.٢٠ – ٢.١٥ | پەرشوبڵاو |

سەرچاوە: زیاد محمد شحادة، أثر التصميم العمراني على تفعيل دور المساجد في قطاع غزة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS) رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية-غزة، كلية الهندسة، فلسطين،٢٠١٠، ص٧٢.

بەپشتبەستن بە نەخشەی ژمارە (٩)، دوای جێبەجێکردنی بەکارهێنانی تەکنیکی هاوکۆلکەی نزیکترین هاوسێ (Nearest Neighbor Analysis)، لەسەر داتای نشینگە گوندییەکان لە شێوەی (٣) بەهای نزیکترین دراوسێیەتی دەکاتە (١،٣١٩٥٢١)و بەهای پێوەری (Z- Score) بریتییە لە (٣.٢٣) ئەم نرخەش دەکەوێتە چوارچێوەی پشتێنەی ناچاری (Critical Value) کە(٢.٥٨- ٢.٥٨)، واتا کەوتۆتە ناوچەی پەسندکراو. بۆیە شێوازی دابەشبوونی نشینگە


گوندییەکان شێوازێکی پەرشوبڵاوی وەرگرتووە. هەڵبەت وەرگرتنی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری فاکتەری سروشتی بەتایبەت بەرزی و نزمی چونکە ناوچەکە بەرزی و نزمی زۆری تێدایە کە کاریگەری هەبووە لەسەر بەدیارکەوتنی ئەم شێوازە لە دابەشبوونی نشینگەکان. پشتمان بەو هاوکێشەی خوارەوە بەستووە (الفاروق،٢٠٠٩، ١٦٣).

$$R = 2 * d\sqrt{\frac{N}{A}} \ (*)$$

**R= بەهای تێکڕای دراوسێ d=تێکڕای دووری نێوان خاڵەکان**

**N= ژمارەی خاڵەکان A = ڕووبەری ناوچەکە**

شێوەی (٣) پەیوەندیی نزیکترین هاوسێ بۆ دابەشبوونی گوندەکانی دۆڵی ڕۆست




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بەنەخشەی (٧)، لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS10.7.

**٣- تایبەتمەندییە ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە:**

**٣-١ کشتوکاڵ**: کشتوکاڵ یەکێکە لە دیارترین چالاکییە ئابوورییەکان کە مرۆڤ لە لادێکاندا پراکتیزەی دەکات، کە تێیدا کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەی سەرەکی خۆراک، توێژینەوە لە کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لەو بابەتانەی توێژینەوەی جوگرافییە هەڵوەستەی لەسەر دەکات، چونکە واقیعی پەرەپێدانی گوندەکان بە پلەی یەکەم پشت بە واقیعی کشتوکاڵی دەبەستێت، بۆیە ناتوانرێت پلانی پەرەپێدان دابڕێژرێت و بەدەست بێت ئەگەر لێکۆڵینەوە لە واقیعی چالاکیی کشتوکاڵی نەکرێت.

٣-١-١ زەویی شیاوی کشتوکاڵی: لەم باسەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە ڕووبەری زەویی ناوچەی لادێیی و پۆلینیان بکەین بۆ سەر زەویی شیاوی کشتوکاڵی و زەویی نەشیاوی کشتوکاڵی. ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە (٦٣٥٢٩) دۆنم، بەسەیرکردن لە خشتەی (١٠) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەم ڕووبەرە بەشێوەیەکی جیاواز دابەش بووە بەجۆرێك ڕێژەی زەویی شیاوی کشتوکالی دەگاتە (%٣٣.٥) سەرجەمی ڕووبەری ناوچەکە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٢١٢٨٥) دۆنم، ڕووبەری زەویی نەشیاو ڕێژەکەی (%١٥.٦) لە سەرجەمی ڕووبەری ناوچەکەیە کە دەگاتە (٩٩٢٨) دۆنم، ئەوەی کە ماوەتەوە بریتییە لە زەویی بە دارستان و لەوەڕگا داپۆشراو کە ڕێژەیەکی زۆری لە ڕووبەری ناوچەکە دەگرێتەخۆ کە (%٥٠.٩) سەرجەمی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەیە ئەم ڕێژە زۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەکە سەختە لەڕووی بەرزی و نزمیەوە ناتوانرێ سوودی لێ وەربگیرێت لەئەنجامدا بۆتە دارستان و لەوەڕگا.

خشتەی (١٠) پۆلینی زەوی لە ناوچەی دۆڵی ڕۆست

| ژمارە | پۆلینی زەوی | ڕووبەر بە/دۆنم | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| ١ | زەویی شیاوی بۆ کشتوکاڵ | ٢١٢٨٥ | ٣٣.٥ |
| ٢ | زەویی نەشیاو بۆ کشتوکاڵ | ٩٩٢٨ | ١٥.٦ |
| ٣ | دارستانی سروستی و لەوەڕگا | ٣٢٣١٦ | ٥٠.٩ |
| کۆ | | ٦٣٥٢٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان، هۆبەی زەوی و زار،٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان، هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمیلان،٢٠٢١، زانیاریی بڵاونەکراوە.

٣-١-٢ چالاکیی کشتوکاڵی: لێرەدا مەبەست لە چالاکیی کشتوکاڵی ئەو بەرهەمانە کە لە ناوچەی توێژینەوە بەرهەم دەهێنرێن دابەشیان دەکەین بۆ سەر دوو جۆری سەرەکی (بەرهەمی ڕووەکی – سامانی ئاژەڵی).

٣-١-٢-١ بەرهەمی ڕووەکی: بەروبوومی ڕووەکی لە ناوچەی توێژینەوە دابەش دەکەین بۆ سەر سێ جۆری سەرەکی بەم شێوەیە (بەروبوومی زستانە- بەروبوومی هاوینە- ڕەزگەری (داری مێوە).

- **بەروبوومی زستانە:** ئەو بەروبوومانە لەخۆ دەگرێت کە لە وەرزی زستان دەچێنرێن، هەندێکیان سەرەکی و ستراتیژین وەکو (گەنم،جۆ)، هەندێکی تر لاوەکین وەکو (نۆك و سەوزەوات)، جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم بەروبوومانە کاریگەرییان لەسەر داهاتی تاکەکەس بەتایبەت جووتیار، لەلایەکی تر سەرچاوەیەکە بۆ فەراهەمکردنی ئاسایشی خۆراك، زۆربەی لەم بەروبوومە

زستانییانە پاشماوەکانیان وەکو ئالیك بەکاردەهێنرێت بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ ئاژەڵەکان. بەسەیر کردنی خشتەی (١١) ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕووبەری چێنراو لەساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١ز)، بەمەبەستی بەروبوومی زستانە بەکارهاتووە بەجۆرێك (١٢٠٧) دۆنم لە کۆی ڕووبەری چێنراوی ناوچەی توێژینەوە. ئەو ڕووبەرەش بەشێوەکی جیاواز بەسەر بەروبوومەکان دابەش بووە بەجۆرێك گەنم زۆرترین ڕووبەری بەرکەتووە کە ڕێژەی (٧٩.٢%) سەرجەمی زەوی چێنراوی بەبەروبومی زستانەیە لە بەرامبەریشدا بەهەمان شێوە بەرهەمەکە زیاترە لە هەموو بەروبوومەکان کە (٣٩١) تەن بووە، لە دوای گەنم، جۆ پلەی دووەمی وەرگرتووە لە ڕووبەری چێنراو بە جۆرێك (١٣.٧%) سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی زستانەیە لەهەمان کاتدا بەرهەمەکەی (٦٧) تەن بووە. نۆك بەپلەی سێیەم دێت لە ڕووبەری چێنراو بەبەروبوومی زستانە کە (٣.٧%)، لەپلەی چوارەم سەوزەوات دێت ڕووبەری چێنراو بەو بەروبوومە (٣.٤%) سەرجەمی ڕووبەری چێنراوە بەبەروبوومی زستانە. ئەوەی تایبەت بێت بە زۆری ڕووبەری بەکارهاتوو بە بەروبوومی زستانە  بەبەراورد بە بەرهەمی هاوینە و ڕەزگەری کەوتۆتە ناوچەی بارانی مسۆگەر کەواتە بڕی ئاویی پێویستی هەیە لەلایەکی تر بەرهەمەکی سەرەکی دانیشتووانە بەتایبەت گەنم و جۆ. بەروبوومی زستانە تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوەخۆ بەکاری دەهێنن ڕێژەیەکی کەمی دەبرێتە بازاڕەکان بۆ فرۆشتن چونکە لەلایەك بڕی بەرهەمەکە کەمە تەنها بەشی ناوەخۆی دەکات لەلایەکی تر بازاڕی لێ دوورە بۆ ئەوەی تێدا ساغ بکرێتەوە.

خشتەی (١١) ڕووبەری چێنراو/دۆنم و بەرهەمی بەروبوومی زستانە بەرهەم/تەن لە دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢٠- ٢٠٢١ز)

| | بەروبووم | ڕووبەر | % | بەرهەم/تەن | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | گەنم | ٩٥٦ | ٧٩.٢ | ٣٩١ | ٧٧.٦ |
| ٢. | جۆ | ١٦٥ | ١٣.٧ | ٦٧ | ١٣.٣ |
| ٣. | نۆك | ٤٥ | ٣.٧ | ٩ | ١.٨ |
| ٤. | سەوزەوات | ٤١ | ٣.٤ | ٣٧ | ٧.٣ |
| کۆ | | ١٢٠٧ | ١٠٠ | ٥٠٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان، هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمیلان،٢٠٢٢، زانیاریی بڵاونەکراوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، هۆبەی پلاندانان،٢٠٢٢،زانیاریی بڵاونەکراوە.

**-بەروبوومی هاوینە:** ئەو جۆرە بەروبوومانە دەگرێتەوە کە لەوەرزی هاوینە دەچێنرێن و بەرهەمەکانیان پێدەگات. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەو بەروبوومەن بەهایەکی خۆراکیی باشیان هەیە بۆ مرۆڤ لەلایەکی تر سەرچاوەی داهاتە، هەندێك لەو بەروبوومانە وەکو کەرستەی خاوی پیشەسازی بەکاردێن وەکو (گوڵەبەڕۆژە و کونجی و تووتن)، لەلایەکی تر پاشماوەکانیان وەك خۆراك بۆ ئاژەڵ سوودی لێ وەردەگیرێت. ئەوەی تایبەت بێت بە ڕووبەری چێنراو بەم جۆرە بەروبوومە لە ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی (١٢) بۆمان دەردەکەوێت پلەی سێیەمی وەرگرتووە بەجۆرێك (٨٤٤) دۆنم لە سەرجەمی ڕووبەری چێنراو دەگرێتەخۆ، گرینگترین بەروبوومی وەرزی زستانە بریتین لە تەماتە و خەیار کە زۆرترین ڕووبەریان داگیرکردووە زۆرترین

بەرهەمیشیان هەیە بەجۆرێك رووبەری چێنراو بەتەماتە نزیکەی نیوەی رووبەری بەروبوومی هاوینە بەکارهێنراوە کە ڕێژەکەی (٤٩.٨%)، ئەوەی تایبەتیش بێت بە بەرهەمی بەهەمان شێوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە کە بەرهەمەکەی (٧٢٥) تەنە، هۆکارەکی گرنگیدان بەم جۆرە لەبەروبوومی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خۆراکێکی سەرەکی دانیشتووانە، پلەی دووەم بەروبوومی خەیار ڕووبەری بەروبوومی هاوینەیی گرتۆتەخۆ بەجۆرێك (٣٠.٨%) لە سەرجەمی ڕووبەری بەکارهاتووە بۆ بەرهەمی هاوینە کە بەرهەمەکەی (٤١٥) تەنە. بەرهەمەکانی تر ڕووبەرو بەرهەرمەکەیان کەمترە بەبەراورد بە تەماتە و ئاروو. دیارە هۆکاری ئەوەی کە ڕووبەری چێنراو بەبەروبوومی زستانە کەمە پەیوەندی بە بارودۆخی بەرزی و نزمی ناوچەکە هەیە کە زۆر سەختە پێویستی بەدەستی کار هەیە دەستی کاریش کەمە لە چالاکیی کشتوکاڵی بەهۆی کەمیی داهاتی بەروبوومەکە و کەمیی دەستمایەی کرێکار، لەلایەکی تر ئەم بەروبوومانە زوو لەناودەچن ئەگەر نەگەیەنرێنە شوێنی بەکاربردن بۆیە خەڵکەکە لەترسی لەناوچوون و کەمیی داهات زۆر گرنگییان بەو بەوبوومانە نەداوە بۆیە پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

خشتەی (١٢) ڕووبەری چێنراو/دۆنم و بەرهەمی بەروبوومی هاوینە بەرهەم/تەن لە دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١)

| ژمارە | بەروبووم | ڕووبەر | % | بەرهەم/تۆن | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | تەماتە | ٤٢٠ | ٤٩.٨ | ٧٢٥ | ٥٣.٥ |
| ٢. | خەیار | ٢٦٠ | ٣٠.٨ | ٤١٥ | ٣٠.٧ |
| ٣. | باینجان | ١٧ | ٢ | ٢٦ | ١.٩ |
| ٤. | کوولەکە | ٩ | ١.١ | ٧ | ٠.٥ |
| ٥. | بامیە | ٤ | ٠.٥ | ١.٧ | ٠.١ |
| ٦. | لۆبیا | ٧ | ٠.٨ | ١٠.٥ | ٠.٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .٧ | فاصولیا | ٤ | ٠.٥ | ٨ | ٠.٦ |
| .٨ | شووتی | ٣ | ٠.٣ | ١ | ٠.١ |
| .٩ | گندۆره | ٢ | ٠.٢ | ٢.٥ | ٠.٢ |
| .١٠ | گوڵە بەڕۆژە | ٢٥ | ٣ | ١٨ | ١.٣ |
| .١١ | تەرۆزی | ٥ | ٠.٦ | ١٠ | ٠.٧ |
| .١٢ | بیبەر | ٨ | ٠.٩ | ٣.٧ | ٠.٣ |
| .١٣ | پەتاتە | ١١ | ١.٣ | ٥.٧ | ٠.٤ |
| .١٤ | ماش | ٢٥ | ٣ | ٦٧ | ٤.٩ |
| .١٥ | تووتن | ١٧ | ٢ | ٣٤ | ٢.٦ |
| .١٦ | کونجی | ٩ | ١.١ | ٤ | ٠.٣ |
| .١٧ | سەوزەوات | ١٨ | ٢.١ | ١٥ | ١.١ |
| کۆ | | ٨٤٤ | ١٠٠ | | ١٠٠ |

سەرچاوە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان، هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمیلان،٢٠٢٢، زانیاری بڵاونەکراوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، هۆبەی پلاندانان، ٢٠٢٢، زانیاریی بڵاونەکراوە.

- **بەروبوومی ڕەزگەر (داری میوە):** ئەوەی تایبەت بێت بە ڕەزگەری (داری میوە) سوودێکی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین و مادده خۆراکییەکان کە سەرچاوەی گرنگی خۆراکن. لە ڕۆژگاری پێشووتر مرۆڤ لە سەردەمی کۆکردنەوەی خۆراك سوودی زۆری لێ بینیوە، لە ڕۆژگاری ئێستاش مرۆڤ بەشێوەیەکی بەربڵاو بەرهەمەکەی بەکاردێنی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بەگیراوە. سەبارەت بە ڕووبەری چێنراو بە داری میوە لە خشتەی

(١٣) ئەوەمان  بۆ دەردەکەوێت (١٠٠٦) دۆنم سەرجەمی ڕووبەری چێنراوی ناوچەی توێژینەوە دەگریتەخۆ کە پلەی دووەمی وەرگرتووە لە ڕووبەری بەکارهاتوو، کە بەروبوومی  ترێ زۆرترین ڕووبەری داگیرکردووە دەگاتە (٣٩٥) دۆنم کە(٣٩.٣%) سەرجەمی ڕووبەری چێنراو بە داری میوە، بەروبوومی سێو بەپلەی دووەم دێت ڕووبەرەکەی (٢٥٢) دۆنمە کە ڕێژەی (٢٥%) سەرجەمی زەوی چێنراوی داگیرکردووە، لەدواتر هەنار و گوێز و هەنجیر و هەرمێ دێن ڕووبەری بەکارهاتوویان یەك بەدوای یەك (١٣.٧%)و (٧.٧%)و (٦.٣%)و (٥.١٥%) لە سەرجەمی ڕووبەری چێنراوە بەبەروبوومی داری میوە، لەکۆتاییش کۆمەڵێك میوەی ترمان هەیە کە رێژەی بەکارهاتووی ڕووبەری چێنراوەکەی (٢.٩%) سەرجەمی گشت بەروبوومەکانە کە بریتین لە (زەیتوون- قەیسی- خۆخ). بەروبوومی ڕەزگەری پلەی دووەمی وەرگرتووە لە دوای بەروبوومی زستانە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرچاوەی ئاوی لەلایەك کەمیی کاریگەری بەرزی و نزمی لەسەری و داهاتەکەی تاڕادەیەك باشە بەبەراورد لەگەڵ بەروبوومەکانی تر .

خشتەی (١٣) ڕووبەری چێنراو/دۆنم بە بەروبوومی ڕەزگەری لە دۆڵی ڕۆست لەساڵی(٢٠٢٠-٢٠٢١ز)

| ژمارە | بەروبووم | ڕووبەر/دۆنم | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١. | ترێ | ٣٩٥ | ٣٩.٣ |
| ٢. | سێو | ٢٥٢ | ٢٥ |
| ٣. | هەنار | ١٣٨ | ١٣.٧ |
| ٤. | گوێز | ٧٨ | ٧.٧ |
| ٥. | هەنجیر | ٦٣ | ٦.٣ |
| ٦. | هەرمێ | ٥١ | ٥.١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧. | ئەوانی تر | ٢٩ | ٢.٩ |
| کۆ | | ١٠٠٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای چۆمان، هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمیلان،٢٠٢٢، زانیاری بڵاونەکراوە.

بەگوێرەی داتاکان لە خشتەی (١٤)و شێوەی (٤) ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆرترین ڕووبەری بەکارهاتووی زەوی کشتوکاڵی ڕووەکی لەساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١ ز) لە ناوچەی لادێی ناحیەی سمیلان بۆ مەبەستی بەروبوومی زستانە بەکارهاتووە ئەمەش دەگاتە (١٢٠٧) دۆنم کە پلەی یەکەمی بەرکەوتووە بەڕێژەی (٣٩.٥%)، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەروبوومی زستانە خۆراکی بنەڕەتی دانیشتووانە بە پلەی یەکەم بەتایبەت گەنم، هەروەها جۆ و پاشماوەی بەروبوومی زستانە بەتایبەت پاشماوەی گەنم و جۆ سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی ئاژەڵە، لەلایەکی تر بەروبوومی زستانە گرنگیی ئابووری زیاترە. بەروبوومی ڕەزگەری پلەی دووەمی بەرکەوتووە لە بەکارهێنانی زەوی کە ڕووبەرەکەی (١٠٠٦) دۆنمە کە ڕێژەی (٣٢.٩%) سەرجەمی زەوی بەکارهاتووی کشتوکاڵی ڕووەکەکەیە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەباریی بارودۆخی ئاووهەوا و گرنگیی ئابوورییەکەی. بەروبوومی هاوینە کۆتا ڕیزبەندی گرتووە کە ڕووبەری بەکارهاتووی (٨٤٤) دۆنمە و ڕێژەکەی (٢٧.٦%)ی سەرجەمی زەوی بەکارهاتووی گرتۆتەخۆ.


خشتەی (١٤) ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی کشتوکاڵی ڕووەکی/ دۆنم لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١ز) لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست

| بەروبووم | ڕووبەر/دۆنم | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| زستانە | ١٢٠٧ | ٣٩.٥ |
| هاوینە | ٨٤٤ | ٢٧.٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕەزگەری (داری میوە) | ١٠٠٦ | ٣٢.٩ |
| کۆ | ٣٠٥٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە خشتەکان (١١)(١٢)(١٣)

شێوەی (٤) ڕێژەی بەرکەوتی ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی کشتوکاڵی لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست




سەرچاوە کاری توێژەران: پشتبەستن بەخشتەی (١٤)

٣-١-٢-٢ سامانی ئاژەڵی: ئاژەڵداری شانبەشانی بەروبوومی ڕووەکی بە پیشەی سەرەکی ناوچەی لادێیی دادەنرێت، ئەوەی تایبەت بێت بە سامانی ئاژەڵی گرنگیی تایبەتی هەیە کە سەرچاوەی سەرەکی خۆراکە بۆ مرۆڤ لەڕێگای بەکارهێنانی بەرهەمەکەی وەهەروەها گۆشتەکەشی بۆ خواردن بەکاردێت، لەلایەکی تر بەرهەمەکەی وەکو کەرستەی خاوی پیشەسازی بەکاردێت، سەرباری ئەمە گرنگیی تایبەتی هەیە لەلایەنی ئابووری چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە بۆ خاوەن ئاژەڵەکان. هەوڵدەدەین بەم شێوەی خوارەوە دابەشیان بکەین:

- **مەڕ-بزن – مانگا**
- **پرۆژەی پەلەوەری**

- **ماسی**
- **هەنگ**

- **مەڕومالاَت (مەڕ- بزن – مانگا):** بەخێوکردنی مەڕومالاَت لەپاڵ کشتوکاڵی ڕووەکی پیشەیەکی گرنگی ناوچەی لادێیەکانە بەهەمان شێوە دانیشتوانی ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆستێ بووە چونکە بەرهەمەکانی وەکو خۆراك بۆ دانیشتوانەکەی بەکاردەهێنرێت وەکو شیر و گۆشتەکەی، لەلایەکی تر بەهایەکی ئابووری هەیە کە دەبێتە سەرچاوەی داهات بۆ خاوەن ئاژەڵەکان. بەسەیرکردن لە خشتەی (١٥) ئەووەمان بۆ دەردەکەوێت ژمارەی مەڕومالاَت **(مەڕ-بزن-مانگا)** لەناوچەی توێژینەوە دەگاتە (٩٣٠٦) سەر، بەشێوەیەك بزن پلەی یەکەمی وەرگرتووە لەڕووی ژمارەوە کە دەگاتە (٥٧٥٧) سەر، زیاتر لە نیوەی ڕێژەی مەڕومالاَتی دەگرێتەخۆ (٦١.٢%) هۆکاری زۆری ژمارەی بزن لەناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی ناوچەکە لەڕووی بەرزی و نزمییەوە کە بزن دەتوانێ خۆی لەگەڵ بگونجێنێ، مەڕ پلەی دووەمی وەرگرتووە کە ژمارەکەی دەگاتە (٢١٩١) سەر، کە (٢٣.٣%) سەرجەمی مەڕومالاَتی ناوچەکەیە، مانگا لە پلەی کۆتایی دێت ژمارەکەی دەگاتە (١٤٤٨) سەر،کە(١٥.٤%) سەرجەمی مەڕومالاَتی ناوچەکەیە، ئەگەر سەیر بکەین ژمارەی مەڕ و مانگا کەمترە بەبەراورد بەبزن ئەمەش پەیوەندی بە بەرزی و نزمیی ناوچەکە هەیە چونکە مەڕ و مانگا توانایان کەمترە بەبەراورد لەگەڵ بزن بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرزاییەکان وەهەروەها پێویستییان بە شوێنێکی تەختایی هەیە.

خشتەی (١٥) ژمارە و ڕێژەی مەڕومالآت لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)

| سال | مەڕ | % | بزن | % | مانگا | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢١ | ٢١٩١ | ٢٣.٣ | ٥٧٥٧ | ٦١.٣ | ١٤٤٨ | ١٥.٤ | ٩٣٩٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، هۆبەی سامانی ئاژەڵی، ٢٠٢٢، زانیاری بڵاونەکراوە

- **پەلەوەر (دەواجن):** ئەوەی تایبەت بێت بە پڕۆژەکانی پەلەوەری لەناوچەی توێژینەوە تاڕادەیەکی زۆر هەژارە بەهۆی کەمیی پڕۆژەکان، ئەگەر سەیر بکەین تەنها چوار پڕۆژەی تێدا بەدی دەکرێ کە (٤) هۆڵیان هەیە، وزەی پڕۆژەکان بەشێوەکی گشتی (٨٦٣٤٢) جووجەڵەیە، گشت پڕۆژەکان بۆ بەرهەمهێنانی مریشکی گۆشتە (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کامەران حسێن میر صادق/بەرپرسی هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمێلان/٢٠٢٢/٩/٢٩).

- **هەنگ:** ئەوەی تایبەت بێت بە هەنگ، ناوچەی توێژینەوە نزیکەی (١٩٦٣) کوورەی هەنگی لێیە. کە بەرهەمی هەر کوورەیەك لەنێوان (٧-٩) کیلۆگرام دەبێت، لە هەندێك ساڵدا ئەم بڕە بەرز دەبێتەوە بۆ زیاتر لە (١٠) کیلۆگرام (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کامەران حسێن میر صادق/بەرپرسی هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمێلان/٢٠٢٢/٩/٢٩).. ئەم زۆریی ژمارەی کوورەی هەنگە لەناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ لەباریی ئاووهەوا و جۆراوجۆری ڕووپۆشی ڕووەکی و گیاوگوڵ لە ناوچەکە بەدرێژایی ساڵ کە سەرچاوەی خۆراکن بۆ هەنگەکان. ئەگەر سەیر بکەین هەنگوینەکانی ئەم ناوچەیە بەباشترین جۆرەکانی هەنگ دادەنرێن، بۆتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەنگەوانەکان. ناوچەی توێژینەوە هیچ پڕۆژەیەکی حەوزی ماسی لێ نییە. ئەمەش بەهۆی سەختیی ئاووهەوایەکەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر

ماسییەکان و دەبێتە هۆی لەناوچوونیان بەتایبەت لە وەرزی زستان ناوچەکە بەفرێکی زۆری لێ دەبارێت وەهەروەها پلەکانی گەرمای تێدا زۆر نزم دەبێتەوە.

٣-١-٣ ئامێری کشتوکاڵی: ئەگەر سەیری ناوچەی توێژینەوە بکەین بەهۆی سەختیی ناوچەکە لەڕووی بەرزی و نزمییەوە کاریگەری هەبووە لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکان کە کاریگەری نەگەتیڤی هەبووە کە جوولەی ئامێرەکانی زەحمەت کردووە، ئەمەش لەکۆتاییدا ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کەمی یان نەبوونی ژمارەی ئامێرەکان بەجۆرێك تەنها ئامێری کێلان (تەراکتۆر) بوونی هەیە ئەویش ژمارەیان (١٩) تەراکتۆرە، هەروەها هیچ ئامێرێکی دروێنە بوونی نییە جووتیارەکان بۆ دروێنەی گەنم و جۆ زیاتر پشت بە هێزو بازووی مرۆڤەکان دەبەستن، لەهەندێك ناوچە بەشێوەیەکی کەم ئامێری دروێنە بەکاردێن ئەویش لەدەرەوەی ناوچەکە دێت. سەبارەت بە ئامێری پڕژاندن هیچ ئامێرێکی لێ نییە چونکە سەختیی ناوچەکە یارمەتیدەر نییە لەلایەك وەهەروەها ناوچەی توێژینەوە کەوتۆتە چوارچێوەی ناوچەی بارانی مسۆگەر پێویستی زۆری پێی نییە جووتیارەکان لەڕێگای دروستکردنی حەوز لەسەر کانییەکان دواتر گواستنەوەی ئاوەکە لە ڕێگای جۆگەی خۆڵی ئاوەکە دەگەیەنن بە کێڵگەکانیان بەتایبەت ڕەزەکان، تەنها ئەگەر بۆ زیاتر بەفیڕۆنەدانی ئاو و ڕێکخستنی بڕی ئاوی پێویست بۆ بەروبوومەکان نەبێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کامەران حسێن میر صادق/بەرپرسی هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سمێلان/٢٠٢٢/٩/٢٩).

٣-٢ پیشەسازی: ناوچەی توێژینەوە هیچ پڕۆژەیەکی پیشەسازی تێدا بوونی نییە. سەرەڕای ئەوەی لەم ساڵانەی دوایی بڕێکی باش لە بەردی مەڕمەڕ لەناوچەکە دۆزرایەوە بەڵام تائێستا نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێت، بەهۆی

سەختیی ناوچەکە و بەرزیی بەهای تێچوونی (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز /سلێمان احمد قادر /فەرمانبەر لە ناحیەی سمێلان/٢٩-٩-٢٠٢٢ز).

٣-٣ گەشت و گوزار: سەبارەت بە ناوچەی لادێ لە دۆڵی ڕۆست، کەوتۆتە ناوچەی شاخاوی پێچ ئاڵۆزەکان، ناوچەیەکی لەبارە بۆ گەشت و گوزار بە تایبەت لە وەرزی بەهار و هاوین چونکە ئاووهەواکەی فێنك و مامناوەندە وەهەروەها پلەکانی گەرمای زۆر بەرز نابێتەوە، سەرباری بوونی چەندین جۆری ڕووپۆشی ڕووەکی کە دیمەنێکی جوانی بەخشیوە بەناوچەکە بەڵام تاوەکو ئێستا لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و خەڵکی ناوچەکە نەتوانراوە ناوچەکە ببێتە شوێنێکی گەشتیاری و سوود و قازانجی هەبێت ئەمەش لەئەنجامی نەبوونی بنەما مرۆییەکانی گەشت و گوزار لەناوچەکە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز /سلێمان احمد قادر /فەرمانبەر لە ناحیەی سمێلان/٢٩-٩-٢٠٢٢ز).

٣- ٤ خزمەتگوزارییەکان: خزمەتگوزارییەکان بەیەکێك لە پێداویستییە بنەڕەتیەکانی دانیشتووان دادەنرێت.بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری سەرەکی خزمەتگوزاریمان هەیە کە بریتین لە (**خزمەتگوزارییە کۆمەڵاتییەکان – خزمەتگوزارییە ژێرخانییەکان**)، هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ دانیشتووان، هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر هەردوو جۆرە سەرەکیەکەی خزمەتگوزاری لەناوچەی لادێی ناحیەی سمیلان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

خزمەتگوزارییە کۆمەڵاتییەکان: لێرەدا تیشك دەخەینە سەر دوو جۆری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەوانیش خزمەتگوزاری (پەروەردە و تەندروستی)یە.

٣-٤-١ خزمەتگوزاری پەروەردەیی: ناوچەی توێژینەوە ژمارەی نشینگە گوندییەکانی (٢٨) نشینگەیە، ئەگەر سەیری ژمارەی قوتابخانەکان بکەین

ژمارەكە جیاوازە كە (٢٢) قوتابخانە بوونی هەیە كە (١٨) قوتابخانە بنەڕەتییە (١-٩)، (٤) قوتابخانە ئامادەییە. بەسەیر كردنی خشتەی (١٦) بۆمان بەدیاردەكەوێت ڕێژەی(٦٤.٣%) نشینگە گوندییەكانی ناوچەی توێژینەوە قوتابخانەی تێدایە بەڵام ئەگەر ژمارەی قوتابخانەكان بەشێوەیەك هەژمار بكەین كە بەس نشینگە گوندییەكانی كە بەدرێژایی ساڵ دانیشتووانی تێدا نیشتەجێ دەبێت ڕێژەكە بەرز دەبێتەوە بۆ (٨١.٨%) سەرجەمی نشینگە گوندییەكان تاڕادەیەكی باش هەلومەرجەكە دڵخۆشكەرە كە ژمارەیەكی زۆر نشینگەگوندییەكان خاوەن قوتابخانەی بنەڕەتین. ئەوەی تایبەت بێت بە قوتابخانەی ئامادەیی ڕێژەكە ناهاوسەنگیی زۆری پێوە دیارە بەشێوەیەك (١٤.٣%) سەرجەمی نشینگە گوندییەكان و (١٨.٢%) ئەو نیشنگە گوندییانەی بەدرێژایی ساڵ دانیشتووانی تێدا نیشتەجێیە. پێویستە لەسەر كەرتی پەروەردە زیاتر هەوڵبدات قوتابخانەی ئامادەیی بكاتەوە چونكە ژمارەیەكی كەمی لێیە ئەمەش ئاستەنگ بۆ قوتابیان دروست دەكات و پێویستە بچنە شوێنێكی دوورتر ئەمەش تێچوون و ماندووبوونی زۆر دەخاتە سەرشانی خێزانی قوتابییەكان چونكە ناوچەكە سەختە و لەوەرزی زستان بەفری زۆری تێدا دەبارێت ئەم بارودۆخە ئاستەنگی زۆر دروست دەكات.

خشتەی (١٦) ژمارەی قوتابخانەی (بنەڕەتی –ئامادەیی) لە ناوچەی لادێی دۆڵی ڕۆست

| ساڵ | ژمارەی گوند | قوتابخانەی بنەڕەتی | | قوتابخانەی ئامادەیی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی قوتابخانە | % بەركەوتی گوند بەقوتابخانە | ژمارەی قوتابخانە | % بەركەوتی گوند بە قوتابخانە |
| ٢٠٢١ | ٢٨ | ١٨ | ٦٤.٣ | ٤ | ١٤.٣ |

سەرچاوە: : ١- وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای چۆمان، هۆبەی ئامار.٢٠٢٢، زانیاری بڵاونەكراوە.

کۆمەڵێك پێوەر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانستەکانی خزمەتگوزاری پەروەردەیی کە هەر وڵاتێك بەگوێرەی بارودۆخی وڵاتەکەی دایڕشتووە، ئەوەی تایبەتە بە هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بەپێوەری عێراقی دەبەستێت. ئەم پێوەرانەش بەگوێرەی قۆناغەکانی خوێندن جیاوازن. ئێمەش بۆ زانینی توانستی خزمەتگوزاری پەروەردەیی پشت بە هەندێك پێوەر دەبەستین ئەوانیش بریتین لە پێوەرەکانی (قوتابی/مامۆستا) (قوتابی/هۆبە) (قوتابی/ قوتابخانە). بەم شێوەی خوارەوە دابەشیان دەکەین:

هەوڵدەدەین بەگوێرەی پێوەرەکان شیکردنەوە بۆ خزمەتگوزاری پەروەردەیی بکەین لە ناوچەی توێژینەوە. لە خشتەکانی ژمارە (١٧-١٨) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

- **پێوەری قوتابی/مامۆستا:** بەگوێرەی ئەو پێوەرەی لە کوردستان و عێراق پشتی پێ دەبەسترێت. ئەو ژمارە قوتابییەی دیاری کراوە بۆ یەك مامۆستا دەبێت (٢٠) قوتابی بێت لە قۆناغی بنەڕەتی، هەروەها لە قۆناغی ئامادەیی (١٨-٢٠) قوتابییە. بەجێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لە ناوچەی توێژینەوە بۆمان بەدیاردەکەوێت کە لەڕووی پێوەری قوتابی بۆ ماموستا لە قۆناغی بنەڕەتی لە پێوەر کەمترە ژمارەکە (١٢.٨) قوتابی یەك مامۆستای بەردەکەوێت، بەهەمان شێوە لە قۆناغی ئامادەیی لە پێوەرەکە کەمترە کە ژمارەکە (٤.٦) قوتابی بۆ یەك مامۆستایە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ژمارەی مامۆستا بەبەراورد بە ژمارەی قوتابی لە قوتابخانەکان.

- **پێوەری قوتابی/هۆبە**: بەگوێرەی ئەو پێوەرەی لە کوردستان و عێراق پشتی پێ دەبەسترێت، ئەو ژمارە قوتابیەی دیاری کراوە بۆ یەك هۆبە دەبێت (٢٥-٣٠) قوتابی بێت لە قۆناغی بنەڕەتی، لە قۆناغی ئامادەیی (٣٠) قوتابی بێت. بەجێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لە ناوچەی توێژینەوە ئەوەمان بۆ

دەردەکەوێت کە بارودۆخەکە کەمترە لە پێوەری جێبەجێکراو بەجۆرێك بۆ قۆناغی بنەڕەتی (٥.٧) قوتابی بۆ یەك هۆبەیە، لەقۆناغی ئامادەیی (٨.٨) قوتابییە بۆ یەك هۆبە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە بەتایبەتی قوتابخانەی بنەڕەتی لە ناوچەکە، ئەم بارودۆخە بە لایەنێکی ئیجابی دادەنرێت بۆ قوتابی بەتایبەت بۆ تێگەیشتن و بەشداریکردنی قوتابیان لە وانەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.

خشتەی (١٧) جێبەجێکردنی پێوەرەکانی (قوتابی- مامۆستا-هۆبە) لەسەر قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچەی لادێیی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)

| ساڵ | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی هۆبە | ناوی پێوەر | پێوەر | بارودۆخی بەرجەستە | جیاوازیی نێوان پێوەر و بارودۆخی بەرجەستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | قوتابی /مامۆستا | ٢٠ | ١٢.٨ | ٧.٢+ |
| ٢٠٢١ | ١٨ | ٨٤٩ | ٦٦ | ١٥٠ | قوتابی /هۆبە | ٢٥-٣٠ | ٥.٧ | ٢١.٨+ |
| | | | | | قوتابی /قوتابخانە | ٣٦٠ | ٤٧.١ | ٣١٢.٩+ |

سەرچاوە: ١- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای چۆمان، هۆبەی ئامار.٢٠٢١.

٢- هەردی عبدالرحمن حمەعلی، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦،٢٠٨.

**- قوتابی /قوتابخانە:** ژمارەی قوتابی لە سەرجەم قۆناغەکانی خزمەتگوزاری پەروەردەیی جیاوازە بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتوو، بەجێبەجێکردنی پێوەری قوتابی بۆ قوتابخانە لە ناوچەی توێژینەوە لەسەر هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە هەردوو قۆناغەکە بارودۆخەکە لە پێوەر کەمترە بەجۆرێك لە قۆناغی بنەڕەتی (٤٧.١) قوتابی بەر یەك قوتابخانە دەکەوێت، لە ئامادەیی بەهەمان شێوە ژمارەکە کەمترە کە (٢٨.٧) قۆتابی بەر یەك قوتابخانە دەکەوێت. ئەمەش پەیوەندی بە بوونی ژمارەی زۆری قوتابخانە و کەمیی ژمارەی قوتابییەوە هەیە، ئەم بارودۆخە لایەنی ئیجابی هەیە کە وادەکات قوتابی کەمتر لە هۆبەیەکدابێت و بەشی زیاتری لە ڕووبەر بەرکەوێت کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر گەیاندنی زانیاری لەلایەن مامۆستا و سوود وەرگرتنی قوتابییەکان لەو زانیارییانە بەشێوەیەکی باش بەهۆی کەمیی ژمارەی قوتابی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم پێوەرانەی کە جێبەجێمان کرد لەسەر کەرتی پەروەردە لە ڕووی بەدیارخستی توانستی ئەم کەرتە ئاماژەیەکی دا ئاماژەیەکی باشی بۆ دەرخستنی کە تاڕادەیەکی باش توانستی خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە ئاستێکی باشدایە. تەنها خاڵی نەرێنی کۆنی یان خراپیی باڵەخانەی قوتابخانەکانە کە پێویستی بە زیاتر گرنگیپێدان هەیە.

٣-٤-٢ خزمەتگوزاری تەندروستی: خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان یەکێکە لەو بنەما بنەڕەتیانەی کە بەشدارن لە پەرەپێدانی نشینگە گوندییەکان بە شێوەیەک کە هەر پاشەکشەیەک لە ئاستەکانیدا کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوتی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت. بە یەکێک لە پێوەرە گرنگەکانی گەشەکردن دادەنرێت، لەگەل پەروەردە و بەیەکەوە هۆکاری ڕاستەوخۆی گەشەی مرۆیی و بەردەوامن لە هەمان شتەکان.

خشتەی (١٨) جێبەجێکردنی پێوەرەکانی (قوتابی- مامۆستا-هۆبە) لەسەر قوتابخانە ئامادەییەکانی ناوچەی لادێیی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)

| ساڵ | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی هۆبە | ناوی پێوەر | پێوەر | بارودۆخی بەرجەستە | جیاوازیی نێوان پێوەر و بارودۆخی بەرجەستە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢١ | ٤ | ١١٥ | ٢٥ | ١٣ | قوتابی/مامۆستا | ١٨-٢٠ | ٤.٦ | +١٢.٢ |
| | | | | | قوتابی/هۆبە | ٣٠ | ٨.٨ | +١٩.٣ |
| | | | | | قوتابی/قوتابخانە | ٤٠٨ | ٢٨.٧ | +٣٧٩.٩ |

سەرچاوە: ١- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای چۆمان، هۆبەی ئامار. ٢٠٢١.

٢- هەردی عبدالرحمن حمەعلی، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦، ٢٠٩.

بۆ زانینی بارودۆخی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی (١٩) بۆمان دەردەکەوێت کە (٤) چوار بنکەی تەندروستی لە ناوچەکە بوونی هەیە کە بەشێوەیەك هەر بنکەیەك بۆ (٥.٥) گوندی بەرکەوتوو بەگوێرەی ئەو گوندانەی بەشێوەیەکی بەردەوام دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە، لەلایەکی تر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە (١٨.٢%) گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە خاوەن بنکەی تەندروستین کە ئەم ڕێژەیە

دڵخۆشکەر نییە چونکە کاریگەری نەرێنی دەبێت بەسەر دانیشتووانی ناوچەکە کە وا دەکات خەڵکەکەی ڕووبکەنە شوێنی تر بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی تەندروستی بەتایبەت سەنتەری ناحیەی سمیلان یان سەنتەری قەزای چۆمان. دیارە بۆ زانینی توانستی کەرتی تەندروستی کۆمەڵێك پێوەر هەیە پشتی پێدەبەسترێت کە ئێمە هەندێك لەو پێوەرانە لەسەر ناوچەی توێژینەوە جێبەجێدەکەین بڕوانە خشتەی (١٩) .

- **پێوەری دانیشتوان/بنکەی تەندروستی:** ئەم پێوەرە ئاماژەیە بۆ ژمارەی خەڵک بۆ هەر یەک لە بنکەی تەندروستی، ئەم پێوەرە (١٠٠٠٠کەس/بنکەی تەندروستی) دیاریکردووە. خشتەی (١٩) ناوچەی توێژینەوە (٤) بنکەی تەندروستی بوونی هەیە بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانەکەی (٥٨١٢) کەسە، کاتێك بەراوردی دەکەین لەگەڵ پێوەرەکە تێبینی ئەوە دەکەین کە ژمارەکە کەمترە، لەڕاستیدا بە گوێرەی ئەم پێوەرە ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە یەك بنکەی تەندروستی هەیە، واتا (٣) بنکەی زیادە، ئەمەش ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات کە جۆرێك لە بێ پلانی هەبووە لە کردنەوەی بنکەی تەندروستی لە ناوچەکە.

- **پێوەری کەس/پزیشك:** ئاماژەیە بۆ ژمارەی کەسەکان بۆ هەر پزیشکێک کە پێوەرەکە (١٠٠٠ کەس/پزیشك)، لە خشتەی (١٩)دا ڕوونە کە هیچ پزیشکێک لە تەواوی ناوچەی توێژینەوەکەدا نییە. کاتێک بەراورد دەکرێت بە پێوەری ناوخۆیی، بۆ هەر (١٠٠٠ کەس) یەک پزیشک. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ناوچەی توێژینەوە کەمی پزیشکی تێدا بەڕوونی بەدیاردەکەوێت کە بەگوێرەی پێوەرەکە ناوچەکە پێویستی بە(٦) پزیشك هەیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوازیی ئەو خزمەتگوزارییە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێداویستییە خەڵکەکە ناچارن پشت بە یاریدەدەری پزیشکی ببەستن، یاخود سەردانی شارەکانی

هەولێر و سۆران و چۆمان بکەن ئەمەش بارگرانیی زۆر بۆ دانیشتووانەکەی دروست دەکات لە ڕووی تێچووی ڕێگاوبان و دووریی ناوچەکەی لەو شارانە.

خشتەی (١٩) ژمارەی دامەزراوە پزیشکییەکان و کارمەندەکان و جێبەجێکردنی پێوەرەکانی توانستی تەندروستی لەسەریان لە ناوچەی لادێیی دۆڵی ڕۆست لە ساڵی (٢٠٢١)

| ژمارەی بنکەی تەندروستی | بنکە/گوند | %بنکەی تەندروستی | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی پزیشک | ژمارەی خاوەن پیشەی پزیشکی | ناوی پێوەر | پێوەر | بارودۆخی بەرجەستە | جیاوازی نێوان بارودۆخی بەرجەستە و پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ بنکەی | ٥.٥ | ١٨.٢ | ٥٨١٢ | ٠ | ٥ | کەس/ بنکەی تەندروستی | ١٠٠٠٠ | ١٤٥٣ | +٣ |
| | | | | | | کەس/ پزیشک | ١٠٠٠ | ٠ | -٦ |
| | | | | | | کەس/ خاوەن پیشەی تەندروستی | ٤٠٠-٥٠٠ | ١١٦٢.٤ | -٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قەزای چۆمان، هۆبەی ئامار،٢٠٢٢، زانیاریی بڵاونەکراوە.

٢- فاطمة عوض كاطع الجياشي، تنمية الاستيطان الريفي في ناحية المجد محافظة المثنى، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى، ٢٠١٦. ص١١٥-١١٦.

٣-٥ خزمەتگوزاری ژێرخانی: ئەم جۆرە لە خزمەتگوزاری یەکێکە لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی دانیشتووانەوە هەیە. هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر خزمەتگوزارییەکانی (ئاوی خواردنەوە – کارەبا) لە ناوچەی لادێیی ناحیەی سمیلان.

٣-٥-١ خزمەتگوزاری ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە: دابینکردنی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوەی بەیەکێك لە پێداویستیە سەرەکییەکان دادەنرێت بۆ دانیشتووانی لادێیی کە پەیوەندی بە تەندروستی و ژیانی ڕۆژانەیانەوە هەیە کە بۆ مەبەستی خواردنەوە و کاروباری ناوماڵ بەکاری دەهێنن. دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتووانی لادێی بەیەکێك لە نیشاندەرە گرنگەکانی گەشەپێدانی لادێیی دادەنرێت. ئەگەر سەیری ناوچەی توێژینەوە بکەین سەرجەم نشینگە گوندیەکانی پشت بە ئاوی کانیاوەکان دەبەستن بۆ خواردنەوە و بەکارهێنانی بۆ کاروباری ناوماڵان، جگە لە هەردوو گوندی (دۆلبالیس-شێرکاوە) پشت بە ئاوی بیر دەبەستن. زۆربەی گوندەکان حەوزیان هەیە کە ئاوەکەی تێدا عەمبار دەکرێ دواتر لە ڕێگای تۆڕی دابەشکردنی ئاو بەسەر ماڵان دابەش دەکرێت، کە زۆربەی گوندەکان تۆڕی دابەشکردنی ئاوی ماڵانی تێدایە. هیچ لەو خەزانانە یان حەوزانە پێویستی بە ئامێری گواستنەوەی ئاو نییە چونکە ئاستی زۆربەی کانیاوەکان بەرزترن لە خەزانەکان (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز /صلاح الدين ملاقادر، ١٧-٨-٢٠٢٢).

**٣-٥-٢** خزمەتگوزاری کارەبا: کارەبا یەکێکە لە پێداویستەکانی دانیشتووان کە لە زۆر بواردا بەکاردێت بۆ ڕووناکی و گەرمکردن و فێنککردنەوە، بۆ داگیرساندنی ئامێرەکان چ ئامێری ناو ماڵان یان ئامێری کشتوکاڵی و پیشەسازی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەپێدان. ناوچەی توێژینەوە خاوەن تۆڕی کارەبای نیشتمانییە، سەرجەم نشینگە گوندییەکان بەستراونەتەوە بەو تۆڕە لە کارەبای نیشتمانی کە لە ڕێگای بگۆڕەکانی کارەباوە دەگەیەنرێن بە دانیشتووانی ناوچەکە، لەپاڵ کارەبای نیشتمانی خەڵکەکە لە کاتی نەبوونی کارەبا پشت دەبەستێت بە کارەبای مۆلیدەکان. بەڵام هەندێك کەم وکوری هەیە پێویستە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە کە ئەوانیش نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکانی کارەبا و بگۆڕەکانە کە پێویستییان بە نۆژەنکردنەوە هەیە بەهۆی زۆری بەکارهێنان و کۆنییان، هەروەها لابردنی زێدەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی کارەبای نیشتمانی کە لە دواتر کاریگەری دەبێت لەسەر تێکچوونی بگۆڕ و تۆڕەکانی کارەبا و هەروەها کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارەبای نیشتمانی (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز /صادق وەسمان حسن /سەرۆکی شارەوانی ناحیەی سمیلان، ٢٠٢٢/٩/٢٩) .

**٣-٥-٣** ڕێگا: ڕێگای گواستنەوە بنەمایەکی گرنگە بۆ گشت چالاکییەکانی دانیشتووان، ڕۆڵی هەیە لە پاڵپشتی کردنی ئابووری هەر ناوچەیەك و پەرەپێدانی ئابووریەکەی چونکە هۆکارێکە بۆ جوولەی دانیشتووان و بەروبوومەکانی و گەیاندنی بەئاسانی بۆ بازاڕ بەتایبەتی لەو ناوچانەی کشتوکاڵی تێدا ئەنجامدەدرێت. ئەگەر سەیر بکەین بەگوێرەی ئەو داتایانەی لە خشتەی (٢٠) هەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ناوچەی توێژینەوە خاوەن تۆرێکی ڕێگایە کە کۆی درێژی ڕێگا لە ناوچەکە (١٢٢کم). بەڵام جیاوازن لە ڕووی جۆری ڕێگاکانی بەشێوەیەك نزیکەی نیوەی ڕێگای ناوچەکە خۆڵە کە (٥٠%)

سەرجەمی ڕێگاکانە، لەبەرامبەردا ڕێگای قیرتاوکراو (٢٠.٥%) سەرجەمی ڕێگای ناوچەکە قیرتاوکراوە. ئەوەی تر کە ماوەتەوە دەبڵ دڕیسنگە کە شێوازی ڕێگاکەی بریتییە لە بەردی ورد و پەستراوەتەوە کە (٣٣.٩%) سەرجەمی ڕێگاکانی پێکهێناوە. کۆتا جۆر ئاستی باریم کۆت کە تەنها ڕێگاکان بە قیرێکی شل داڕێژراون کە ئەو جۆرەیان (٤.٩%) سەرجەمی ڕێگاکانی ناوچەکەیە. ئەگەر سەیری بارودۆخی ڕێگاکان بکەین دەبینین لە ئاستێکی باش نییە چونکە نزیکەی (٨٠%) قیرتاو نەکراوە لە ئاستێکی باشدانییە ئەمەش زۆرجار ئاستەنگی لەبەردەم جوولەی دانیشتووان دروستکردووە بەتایبەت لە وەرزی زستان چونکە ئەم ناوچەیە لەو وەرزە بەفرێکی زۆری تێدا دەبارێت.

خشتەی (٢٠) بارودۆخی ڕێگاوبان لە دۆڵی ڕۆست

| جۆری ڕێگا | درێژی /کم | % |
| --- | --- | --- |
| قیرتاو | ٢٥ | ٢٠.٥ |
| ئاستی خۆڵ | ٥٠ | ٤١ |
| ئاستی بریم کوت | ٦ | ٤.٩ |
| دەبڵ دڕێسینگ | ٤١ | ٣٣.٦ |
| کۆ | ١٢٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر، هوبەی تەکنیك، ٢٠٢٢، زانیاریی بڵاونەکراوە.

**دەرئەنجام:**

١- ڕێژەی بێکاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە دەگاتە زیاتر لە(٥٣%)ی دانیشتووانی ناوچەکە بێکارن یان کارێکی هەمیشەییان نییە ئەم ڕێژەیەش زۆربەیان لە ڕەگەزی مێینەنە، ڕێژەی نەخوێندەواری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەیەکی بەرز پێکدەهێنێت، بەجۆرێک ئەم ڕێژەیە دەگاتە زیاتر لە (٣١%)، دیارە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەبەراورد بە ناوەندە شارستانییەکان.

٢- کەمیی قەبارەی دانیشتووان لە گوندەکان، بەجۆرێک لە ناوچەی توێژینەوە دەرکەوتووە کە تەنها (٢١%) قەبارەی دانیشتووانی گوندەکان ژمارەیان لە ٣٥١ کەس زیاترە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نزیکەی (٧٩%) ی دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە قەبارەیان بچووکە و ژمارەی دانیشتووانیان کەمترە لە ٣٥٠ کەس، ئەمەش بۆ ئەو کۆچە فراوانە دەگەڕێتەوە لە ناوچە گوندنشینەکان بەرەو ناوەندە شارستانییەکان، لە ئەنجامی ساغ نەبوونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، دۆزینەوەی هەلی کار و چوونە بەر خوێندن لە ناوەندە شارستانییەکان.

٣- ناوچەی توێژینەوە زیاتر لە(٣٣%) ڕووبەری زەویەکەی شیاوە بۆ کشتوکاڵکردن، ئەوەی تایبەتیش بێت بە ڕووبەری چێنراوی زەویی شیاوساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١ز) ڕێژەکەی زیاترە لە(١٤%) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووبەرێکی کەمی زەویی شیاو چێنراوە.

٤- سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە ئەوەی کەرتی پەروەردەی تاڕادەیەکی باش لەگەڵ پێوەرەکان گونجاوە بەجۆرێك هیچ کەموکورتیەك نییە لە ژمارەی مامۆستا و هۆبە، ئەوەی تایبەت بێت بە کەرتی تەندروستی کەم و کورتی هەیە ئەگەر سەیر بکەین هیچ پزیشکێك لە بنکەکانی ناوچەکە بوونی نییە و بنکە تەندروستییەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشبووینە. بەڵام سەبارەت بە ڕێگای گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە زیاتر لە(٤١%)ی خۆڵن و قیرتاو نەکراون. کە ئەمەش گرفت دروست دەکات لەبەردەم ئەو جووتیارانەی کەوا خەریکی پیشەی کشتوکاڵن.

**ڕاسپارده:**

١- پێدانی سلفه‌ی كشتوكاڵی وه‌ک ئامێر و ئۆتۆمبێلی كشتوكاڵی و په‌ین و ده‌رمان له‌لایه‌ک و ساغكردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌كانیان له‌لایه‌كی تر له‌لایه‌ن حكومه‌ته‌وه‌، كه‌ یارمه‌تیده‌ر ده‌بێت بۆ زیاتر ڕه‌خساندنی هه‌لی كار، په‌ره‌ پێدانی هه‌رچی زیاتری كاری كشتوكاڵییه‌ له‌لایه‌ک، و دووباره‌ گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ئه‌و خه‌ڵكه‌ی كه‌ له‌ ناوچه‌كه‌ كۆچی كردووه‌ بۆ ناوه‌نده‌ شارستانییه‌كان له‌لایه‌كی تر .

٢- دابینكردنی خزمه‌تگوزارییه‌كان بۆ دانیشتووانی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ تاوه‌كو په‌نا نه‌به‌نه‌ به‌ر ناوچه‌كانی تر بۆ دابینكردنیان به‌تایبه‌ت په‌روه‌رده‌ و ته‌ندروستی كه‌ ئاسته‌نگی زۆر دروست ده‌كات بۆ دانیشتووان.

٣- قیرتاوكردنی ڕێگاوبانی گونده‌كان، كه‌ ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ كار ئاسانی بۆ ساغكردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌ كشتوكاڵییه‌كان له‌لایه‌ک و زوو گه‌یشتن به‌ ناوه‌نده‌كانی خوێندن له‌ گونده‌كانی ده‌وروبه‌ریان له‌لایه‌كی تر .

**لیستی سەرچاوەکان:**


١. ، الحديثي، طه حمادي(٢٠٠٠)، جغرافية السكان، مديرة دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ط٢، الموصل.

٢. الامام، محمد سيد(٢٠٠٧)، المجتمع الريفي رؤيه حول واقعه و مستقبله، المكتبة المصرية للنشر والتوزيع ط ١.

٣. الجياشى، فاطمة عوض كاطع(٢٠١٦)، تنمية الاستيطان الريفي في ناحية المجد محافظة المثنى، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كليةالتربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى.

٤. حمەعلی، هەردی عبدالرحمن(٢٠١٦ز)، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥. الدليمي، شهلاء أياد عبيد عفتان(٢٠١٩)، تحليل جغرافي لمقومات التنمية الريفية في قضاء هيت، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، كلية التربية البنات، جامعة الانبار.

٦. سمحية، فوزى عبد سهاونة وموسى عبودة(٢٠٠٧)، جغرافية السكان ، ط٢، دار وائل للنشر، الاردن، عمان.

٧. شحادة، زياد محمد(٢٠١٠)، أثر التصميم العمراني على تفعيل دور المساجد في قطاع غزة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS) رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية- غزة، كلية الهندسة، فلسطين.

٨. عودة، حمادي عباس حمادي وعلى حسين(٢٠١١)، التحليل المكاني للعوامل المؤثرة في تركيب السكان محافظة القادسية، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، المجلد ١٤، العدد ٣.

٩. غەفور، عەبدوڵڵا(٢٠٠٨)، پێکهاتەی ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا ( ٨/٢/١٩٩١ )، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٠.الفاروق، عبدالحليم البشير(٢٠٠٩)، تحليل صلة الجوار في الدراسات الجغرافية بالتطبيق على المستوطنات البشرية بمنطقة مكة المكرمة، مجلة جامعة ام القري للعلوم الاجتماعية، المجلد الاول، العدد (١).

١١.القرغولي، وسناء حسن كشاش محمد(٢٠٢٠)، تحليل جغرافي لامكانات ومعوقات التنمية الريفية واتجاهاتها في ناحية الصقلاوية، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كلية التربية للبنات، جامعة الانبار.

١٢.قماش، فيصل واخرون(٢٠١٤.)، الجغرافية الريفية والتخطيط الريفي، منشورات جامعة دمشق.

**ملخص**

## الامكانات البشرية للتنمية الريفية في منطقة باله‌كاتي وادى روست نموذجا

التنمية الريفية ركيزة اساسية لإنعاش القطاع الاقتصادي وخاصة الزراعة التي تشكل سلة الغذاء للمناطق الحضرية. تعد مشكلة واختلال التوازن في عملية التنمية الريفية من العوامل الرئيسية التي تمنع برنامج التنمية الوطنية من تحقيق اهداف. تهدف الدراسة الى عرض واقع الإمكانات البشرية للتنمية الريفية بوادى روستي للعمل على تنمية المستوطنات الريفية والانشطة الاقتصادية وخاصة الزراعة في المنطقة وتحسين مستوى الخدمات فيها. يتضح من الدراسة ان هناك إمكانات بشرية للتنمية في وادي روستي لكنها تعاني من عدد من مشاكل مثل التوزيع غير المنتظم للسكان وصغر حجم القرى من حيث عدد السكان وقلة استخدام الاراضي الصالحة للزراعة في منطقة الدراسة. ويمكن تحقيق ذلك من خلال تطوير خطة استراتيجية على المدى المتوسط والطويل لتحقيق التنمية الريفية في وادي روستي. من اجل تحقيق اهداف قسم البحث الى ثلاثة مباحث: المبحث الاول تعريف منطقة الدراسة وتوضيح المفاهيم والمصطلحات. المبحث الثاني هو الخصائص السكانية من حيث حجم وانماط توزيع المستوطنات الريفية. المبحث الثالث الخصائص الاقتصادية والخدمات. اخيرا تختتم الدراسة بعدة استنتاجات وتوصيات.

الكلمات الدالة: الإمكانيات البشرية، توزيع المستوطنات الريفية، التنمية الريفية، وادي روست، خدمات.

## Abstract

### The Human Potentialities of Rural Development in Balakaiati Region Rust Valley – as a Model

Rural development is an important pillar for reviving the economic sector, especially the agricultural sector, which represents the food basket for cities. The problem and imbalance in the rural development process is one of the main reasons for obstructing national development programs to achieve their goals. The study aims to present the reality of the human potential for rural development in Valley Rust to work on the development of rural settlements and economic activities, especially agriculture in the region, and to improve the level of services there. The study showed the existence of human potential for rural development in Rust Valley, however, it suffers from a number of problems such as the irregular distribution of the population, the small size of the village in terms of population, and the lack of arable land in Rust Valley. This can be done through the development of a strategic plan in the medium and long term in order to achieve rural development in Valley Rust. In order to achieve the goals, the research is divided into three sections, the first topic: definition of the study area and concepts and terminology, the second topic: population characteristics, size and distribution of settlements Rural, the third topic: economic characteristics and services. In conclusion, a number of conclusions and recommendations were indicated.


Keywords: human potential, distribution of rural settlements, rural development, valley Rust, services.